# توێژینەوەکانی
# کۆنفرانسی زانستیی نێودەولەتیی
# جینۆسایدی گەلی کوردستان
# (جینوسایدی کوردی فەیلی)

GENOCIDE.KRD

زانکۆی سەلاحەدین

زانکۆی دهۆك

زانکۆی سوران

زنجیرە پەرتووکی کونفرانسیی جینوسایدی کوردی فەیلی (1)

# کۆنفرانسی زانستیی نێودەولەتیی جینوسایدی گەلی کوردستان

## (جینوسایدی کوردی فەیلی)

هەولێر 2 ـ 2023/5/4

# توێژینەوەکانی کۆنفرانسی زانستیی نێودەولەتیی
# جینۆسایدی گەلی کوردستان
# (جینوسایدی کوردی فەیلی)


**سەرپەرشتیکردن**

پ. ی . د. سالم جاسم حاجی

پ. د. صلاح محمد سلیم

پ. د. نشوان شکری عبدالله

د. ازاد سالم محمد

پ. ی. د. عبدالرحمن کریم دەروێش

- تویژینەوەکانی کۆنفرانسی زانستیی نێودەولەتیی
جینۆسایدی گەلی کوردستان (جینوسایدی کوردی فەیلی) (4)
- سەرپەرشتیکردن: پ. ی . د. سالم جاسم حاجی پ. د. صلاح محمد سلیم
پ. د. نشوان شکری عبداللە د. ازاد سالم محمد
پ. ی. د. عبدالرحمن کریم دەروێش
- دیزاین: ناجی بدل
- ژمارا سپاردنێ: (D-/2714/23)
- مافێ چاپ و بەلاڤکرنێ بۆ زانکۆیا دهۆك - سەنتەرێ ڤەکۆلینێن جینوسایدێ د پاراستینە

https://genocide.krd
info@genocide.krd
/https://www.facebook.com/people/GENOCIDEkrd
009647511101241

سەنتەرێ ڤەکۆلینێن جینوسایدێ / زانکۆیا دهۆك - کومەلگەها زانکۆیێ - جادا زاخو 38 - ئاڤاهیێ پەرتوکخانا مەلبەندی - قاتێ دووێ.

# توێژینەوەکانی
# کۆنفرانسی زانستیی نێودەولەتیی
# جینۆسایدی گەلی کوردستان
# (جینوسایدی کوردی فەیلی)

# لیژنەی ئامادەکاری

| | |
|---|---|
| پ. ی. د. عبدالرحمن کریم دەروێش | زانکۆی سۆران |
| پ. د. مصطفى صابر عەتار | زانکۆی سەڵاحەددین |
| پ. د. نەشوان شکری عبدللە | زانکۆی دهۆك |
| پ. د. سیروان جەبار ئەمین زەند | زانکۆی سۆران |
| پ. ی. د. میدیا ئیبراهیم فەتاح | زانکۆی سۆران |
| پ. ی. د. کارزان عبدالمحسن محمد | زانکۆی سەڵاحەددین |
| پ. ی. د. سالم جاسم | زانکۆی دهۆك |
| پ. ی. د. خەلیل مصطفى عوسمان | زانکۆی دهۆك |
| پ. ی. د. شاری خالید | زانکۆی سۆران |
| د. ازاد سالم محمد | زانکۆی دهۆك |
| م. ی  ئامانج نەجمەدین عبدالغفور | زانکۆی سەڵاحەددین |
| سامي سالم محمد | زانکۆی دهۆك |

# لیژنەی زانستی


| | |
|---|---|
| پ. د. محمد احسان | کۆلیژی شاهنشاهی\ لەندنی |
| پ. د. مارتن فان برونسن | زانکۆی نیشتیمانی- سنگافورە |
| پ. د. عبدالفتاح بۆتانی | ئەکادیمیای کوردی |
| پ. د. ئیسماعیل قمندار | زانکۆی پاریس جۆسیو- فرنسا |
| پ. د. ئەنطونیو جیرونیمو باریوس | کوستاریکا |
| پ.د. شریفە کلاع | زانکۆی جەزائیر -3 جزائیر |
| پ. د. دیاری صالح مجید | زانکۆی موستەنصریە |
| پ. د. قادر محمد حسن | زانکۆی سەڵاحەددین-هەولێر |
| پ. د. صلاح محمد سلیم | زانکۆی دهۆك |
| پ. د. مها حسن بکر | زانکۆی سەڵاحەدین- هەولێر |
| پ. د. ناز بدرخان سندی | زانکۆی بەغداد |
| پ. د. صباح عباس جاسم | زانکۆی بوکیکنگهام- لندن |
| پ. د. محمد صبری صالح | زانکۆی دهۆك |
| پ. د. حسین عبد عیسی | زانکۆی سلێمانی |
| پ. د. مارینا چافۆنتاکی | زانکۆی لینکۆڵن- ئینگلترا |
| پ. د. ساڵح ئاکین | زانکۆی ڕوان نۆرمەندی - فەڕەنسا |
| پ. د. ساشا بورژوا ژێرۆندە | زانکۆی پاریس پانتیۆن |
| پ. د. هادی ئومێد فەیلی | زانکۆی ئەمریکی نیودەوڵەتی لە لەندەن |
| پ. د. محمود محمد زاید | زانکۆی ئەزهەر- قاهرە |
| پ. د. دانێلا ئیریرا | زانکۆی کاتانیا- ئیتالیا |
| پ. ی. د. دایان کینگ | زانکۆی کینتاکی |
| پ. ی. د. بەهار بصیر | زانکۆی دوورهایم |
| پ. ی. د. مارکۆ ئەتیلا هۆو | کۆلیژی سەراییبۆ بۆ زانست و تەکنەلۆجیا |
| پ. ی. د. پادریس موسلمزادە تهرانی | زانکۆی مالایا- مالیزیا |
| پ. ی. د. شاخەوان عبداللە دەلۆ | زانکۆی سۆران |
| پ. ی. د. هەژار ڕەحیمی | زانکۆی سۆران |
| پ. ی. د. حەبیب ئیبراهیم | زانکۆی رووربوخۆم- ئەڵمانیا |

# پێشەکی

جینۆساید بە دایکی تاوانەکان هەژمار کراوە. تاوانێکە ڕووبەڕووی گروپە مرۆییەکان دەبێتەوە، بە هۆکاری جیاوازەوە لەڕووی نەتەوەیی، ئیتنی، ڕەگەزی یا ئاینییەوە. کەم نین ئەو تاوانانەی لە مێژوودا دژ بە گروپە جیاوازە مرۆییەکان ئەنجام دراون، لە ئاکامیشدا کاریگەری لەسەر چارەنووس و بونیادی کولتوری و بایۆلۆژی و ژینگە و ژیان و ئاکاری بەئامانجگیراوان بەجێ هێشتووە.

گەلی کوردستان یەکێکە لە دێرینترین گەلانی سەر ڕووی زەمین، هەر لەسەرەتای سەرهەڵدانی مێژوودا لەسەر خاکی دێرینی کوردستان جێگیربووە و ژیاوە، گەلێکی دەوڵەمەندە لەڕووی فرە کولتوری و ئاینییەوە. لە دوای جەنگی یەکەمی جیهان، بەشێکی کوردستان بە دەوڵەتی عیراقەوە لکێندرا، گەلی کوردستان لەم بەشە ڕووبەڕووی چەندین تاوانی دژە مرۆیی بووەتەوە کە بە پێی پێوەرەکانی یاسا گەردوونییەکان بەتاوان هەژماردەکرێن، وەك: تاوانەکانی جەنگ، ڕاگواستن، دوژمنکاری، تاوانەکانی دژ بە مافەکانی مرۆڤ و تاوانی جینۆساید، تاد.

یەکێك لەو تاوانانە جینۆسایدکردنی کوردی فەیلی بوو، کە بەچەندین قۆناغی جیاواز ئەنجامدرا، تا بۆ دواجار لە سەر دەستی بەعسییەکان، بە پێی بەرنامەیەکی ڕێکخراو و بە شێوەیەکی سیستماتیک، برا فەیلییەکانمان لەسەر ماڵ وحاڵی خۆیان دەرکران، ڕەگەزنامەیان لێ سەندرایەوە، بۆ سەر سنووری ئێران و لەخراپترین بارودۆخدا دەرکران و 22 هەزار لاوی کوردی فەیلی تاوەکو ئێستا بێ سەروشوێنکراون، 14 شار وشاروچکەی ناوچەکانی کوردی فەیلی خاپورکران وناوچەکانیان تەعریب کران، ماڵ ومولکیان دەستی بەسەردا گیرا و کۆڵەگەی خێزانییان هەڵوەشێندرایەوە.

بەشێکی زۆری ئەم تاوانانە لە پایتەختی عیراق، لەبەرچاوی کۆمەڵگەی عێراقی، هەرێمی و نێودەوڵەتیدا ئەنجامدرا. سەرەڕای تێپەڕبوونی 43 ساڵ بەسەر کۆتا قۆناغی ئەم جینۆسایدە، بەڵام هێشتا ڕێژەیەکی زۆر لە ڕزگاربووان، بێ ڕەگەزنامە ماونەتەوە وماڵ ومولکیان بۆ نەگەڕێندراوەتەوە، تا ئێستاش بە هەزارانیان دەربەدەری وڵاتانن ولە ئاوارەییدا دەژین، هێشتا چارەنووسی زیاتر لە بیست هەزار کەسی بێ سەروشوێنکراو بە نادیاری ماوەتەوە. دوای ڕوخانی ڕژێمی بەعس ئەم تاوانە لە دادگای باڵای تاوانەکانی عیراق بە جینۆساید ناسێندرا، بەڵام بەداخەوە تا ئێستا نە داوای لێبووردنییان لێکراوە، نە قەرەبووی مادی ومەعنەوی کراونەتەوە و نە ماڵ و موڵکیان بۆ گەڕێندراوەتەوە.

بەپێی تێڕوانینی ئەکادیمی وبەپێی بوارە زانستییە جیاجیاکان، لەلایەن کەسانی پسۆڕەوە، ئەم تاوانە بەشێوەی تاکەکەسی خراوەتە ژێر لێکۆڵینەوە و شڕۆڤەکردن و لێکدانەوە، ئەمەش بە سەرەتایەکی گرنگ ودروست دەزانین بۆ دامەزراندنی بواری زانستی جینۆسایدناسی لەکوردستاندا، کوردستانێک کە لەلایەن بەشێک لە جینۆسایدناسان بە مەڵبەندی جینۆساید هەژمار کراوە.

هەر لەم سۆنگەیەوە پرۆژەی ئەنجامدانی ئەم کۆنفراسە لەمیانەی هەستکردن بە بەرپرسیارێتی

مێژوویی وئەخلاقیی و زانستییەوە هەڵقوڵاوە، لە ژێر دروشمی (دەرخستنی ڕاستییەکان بۆ گەیشتن بە دادپەروەری)، ئەم کۆنفرانسە بە میتۆدی زانستی کار بۆ ناساندنی ئەم جینۆسایدە دەکات، بۆ ئەوەی ئەم جۆرە تاوانە ترسناکانە لەبیرنەکرێن وبەوردی هۆکار وپاڵنەر وکاریگەرییەکانی بزانرێت و هەوڵبدرێت بە شێوەیەکی زانستی چارەسەری بۆ بدۆزرێتەوە، تاوەکو لەلایەك قوربانییەکان قەرەبووبکرێنەوە وتاوانباران سزا بدرێن و لەلایەکی ترەوە چیتر ئەم جۆرە تاوانانە دووبارەنەبنەوە و ڕوونەدەن.

کاتێك ئەم پرۆژەیە کەوتە بەر دیدی سەرۆکی هێژا (مەسعود بارزانی)، بەو پەڕی پەرۆشییەوە بە پیرییەوە هات وپشتیوانیی خۆی بۆ دەربڕی و بووە هۆکاری سەرەکی سەرکەوتنمان بۆ ئەنجامدانی ئەم کۆنفرانسە هاوبەشەی هەر سێ زانکۆی؛ (سەلاحەدین، دهۆك و سۆران) و بە هاوکاری چەندین زانکۆ و دامەزراوەی زانستی دیکە.

بۆئەنجامدانی ئەم کۆنفرانسە، پەیوەندیمان بە سەدان توێژەر و بیرمەند و کەسانی پسپۆڕکرد، بەتایبەت ئەوانەی لەسەر ئاستی ناوەخۆ و نێودەوڵەتی کاریان لەسەر جینۆساید کردوە، لەئەنجامدا لەناو سەدان بابەتی پێشکەشکراو لەلایەن کەسانی پسپۆڕ لە بوارە جیاجیاکان و بواری جینۆساید لەسەر ئاستی ناوەخۆ و نێودەوڵەتیدا، (109) بابەتی زانستی لەلایەن لێژنەی زانستی کۆنفرانسەوە ڕەزامەندی بەشداریکردنیان پێدرا، دەیانیتر بەهۆکاری جیاجیای وەك: سنوور و کاتی تەرخانکراو بۆ ناردنی بابەتەکان نەتوانرا لەم کۆنفرانسە بەشداربن.

ئەم پرۆژە ئەکادیمییە بە شەونخونی لیژنەی باڵا، لیژنەی ئامادەکاری هاوبەش، لیژنەی زانستی، لیژنەی راوێژکاری وسەرجەم لیژنەکانی دیکە، وپشتیوانی کەسانی خۆبەخش کە ماندوونەناسانە پشتیوانییان کردووین بۆ سەرکەوتنی ئەم کۆنفرانسە. هیواداریـن ئەنجامی ئەم کۆنفرانسە ببێتە هۆی زیندووکردنەوەی پرسی (جینۆسایدکردنی کوردی فەیلی) وبایەخ پێدانی لە لایەن، لایەنە فەرمی، ئەکادیمی و ڕێکخراوە ناوخۆیی و نێوەدەوڵەتییەکانەوە.

پ. ی. د. عبدالرحمن کریم دەروێش
سەرۆکی لیژنەی ئامادەکاری

# پێرست

1-ژینۆسایدی گەلی کورد لە ژێر تیشکی بڕیاری دادگەی ناوخۆیی لاهای لە کەیسی
(فرانس فان ئانرات)دا توێژینەوەیەکی شرۆڤەکارانە
**پ. ی. د. عێباد رۆحی ...................................................................... 15**
2-سیاسەتی بە عەرەبکردن لە عێراقدا کوردە فەیلییەکان بە نموونە
**پ. ی. د. ماجد خەلیل فەتاح ................................................................ 29**
3-کاریگەرییەکانی بەنداوی حەمرین لەسەر تێکدانی شوێنەوارەکانی ناوچە فەیلییەکان
**پ. د. نەرمین علی.................................................................................79**
4-فاکتەر و جێکەوتەکانی جینۆسایدی کوردانی فەیلی لەقەزای خانەقین
**م. ی. هێمن نصرالدین محمد امین - پ. ی. د. یاسین ئاشور جوهر ........................ 115**
5-رۆڵی راگەیاندن لە ناساندنی کۆمەڵکوژی کوردە فەیلییەکاندا، توێژینەوەیەکی مەیدانیە
**د. ئەکرەم فەرەیدون حەمەئەمین ........................................................... 145**
6-ئاستی بایەخپێدانی میدیای کوردی بە جینۆسایدی فەیلییەکان لە عێراقدا
(توێژینەوەیەکی مەیدانییە)
**م. ی. دەشتی عەلی ڕەشید - پ. ی. د. یادگار عەلی محەمەد ............................. 173**
7-واقعی ژیانی کوردە فەیلییەکان لە سایەی بەعسدا لە نێوان 1979 - 1991
لێکۆڵینەویەکە لە مێژووی زارەکی
**پ. د. سامان حسێن ئەحمەد ...................................................................... 197**
8-ئەدەب وەک بیردانکا گەلان، کارتێکرنا بلیمەتێن کوردێن فەیلی
ل سەر ڕەوشەنبیرییا کوردی
**انتصار نجیب جوقی - نفل صالح اسلام ......................................................... 233**
9-ڕۆمانا (بەندەر فەیلی) وەکو نموونە
**م. شمال خمو خضر ................................................................................ 303**
10-سیاسەتی میدیایی و پرۆپاگەندەیی رژێمی عێراق لەجینۆسایدکردنی کوردانی فەیلی
**د. شیلان یاسین خضر ............................................................................. 335**
11-ژیان دوای جینۆساید: توێژینەوەیەکی سایکۆلۆژییە لەبارەی کوردانی فەیلی
**خەلیل سەلیم ...................................................................................... 363**
12-ڕەنگدانەوەی ڕووداوەکانی جینۆساید لە فیلمی دۆکیومێنتاری کوردیدا
(جینۆسایدی کوردە فەیلییەکان بە نموونە)
**پ. ی. د. ژیلوان طاهر باپیر ................................................................. 383**

13-ڕۆڵی دادگای نیشتیمانی لە بەدیهێنانی دادپەروەری لە جینۆسایدی کوردی فەیلی
**م. سروشت سەربەست قاسم ............................................................................................ 397**
14-پێوانەی شڵەژانی لێکترازانی ناسنامە لای کوردانی فەیلی لە هەرێمی کوردستان
**م. هیوا عبدالعزیز جمیل - کاروان کاکەبرا کاکەمەد ................................................................ 417**
15-جینۆسایدی کوردە فەیلییەکان لە عێراق دا لە نێوان ساڵانی1990-1980
لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی شیکاریی بەراوردکارییە
**م. ی. سۆزان کریم صالح ................................................................................................ 439**
ڕاسپاردەکانی کۆنفرانسی زانستیی نێودەوڵەتیی جینۆسایدی گەلی کوردستان
**(جینۆسایدی کوردی فەیلی) ............................................................................................ 469**

# رۆڵی ڕاگەیاندن
# لە ناساندنی کۆمەڵکوژی کوردە فەیلییەکاندا
# توێژینەوەیەکی مەیدانیە

**د. ئەکرەم فەرەیدون حەمەئەمین**
**زانکۆی سەلاحەدین/ هەرێمی کوردستان/ عێراق**
**بەشی ڕاگەیاندن/ کۆلێژی ئاداب**
**akram.hamaamen@su.edu.krd**

**پووختەی توێژینەوە:**

فەیلییەکان پێکهاتەیەکی ڕەسەنی نەتەوەی کوردن لە دێرزەمانەوە لەسەر خاکی کوردستاندا ژیاون، یەکەم گروپی ئیتنیکی کوردیشن لە سەدەی بیستەمدا کە لەلایەن دەسەڵاتدارانی عیراقەوە دووچاری کۆمەڵکوژی و ڕاگواستن هاتوون، وێڕای ئەوەی کە زمانەکەیان دیالەکتێکی کوردییە هاوکات فەیلییەکان خاوەنی دابونەریتی ڕەسەن و فەرهەنگ و ئەدەبی زارەکی خۆیانن، لەرووی زمانەوە زاری "فەیلی سەر بە شێوە کوردی باشوور پێکهاتووە و کە وەك شێوەزاراوەکانی "لەك و لور، کەڵووڕ، کرمانج، گۆران" کە نەتەوەی کورد پێکدێنن، دیالەکتێکی کوردی باشوورن. کە لەناوەڕاست و باشووری عێراق لەناوچەکانی (مەندەلی، زرباتییە، بەدرە، جاسان، خانەقی، کەرکوك، بەغدا، کوت، عەمارە و بەسرە) ژیاون، دەرکەوتنی زاراوەی (فەیلی) لەسەدەی شازدەهەم بووە، ئێستاش ئەم زاراوەیە بۆ ئەو کوردانە بەکاردێت کە نیشتەجێی ئەو ناوچانەن کە بەر دەوڵەتی عێراق کەوتوون، لەرووی جوگرافییەوە ناوچەکانیان بەشێکیان لەباشووری ڕۆژهەڵاتی کوردستانن لەدەڤەرەکانی (لوڕستان و کرماشان و ئیلام)ی سەر بە ئێران دەژین و بەشێکی دیکەش لە باشووری کوردستان لەعێراق لەڕۆژهەڵاتی دیجلەن، کە بە ئایینزا شیعەن، بەشداری کارایان هەبووە لە بوارەکانی ئەدەب و زانست و ڕۆشنبیریدا، بە دەیان شاعیر، نووسەر و زمانزان لەناو کوردە فەیلییەکاندا بوونی کارایان هەیە.

کلیلە وشەییەکان: ڕۆڵ، ڕاگەیاندن، کۆمەڵکوژی، کوردە فەیلییەکان:

**1- چوارچێوەی توێژینەوە**

**کێشەی توێژینەوە**

بۆ ئەوەی توێژینەوەی زانستی ئەنجام بدرێت دەبێت کێشەیەکی دیاریکراو لە ئارادا بێت، لەبەرئەوەی لایەنێکی گرنکە لە لایەنەکانی مێژووی زانستی. کاتێك کە توێژەر هەست دەکات گرفت و بابەتێکی گرنگ هەیە کە پێویست بەراڤەکردن و شیکردنەوە دەکات، بەهەوڵدان و کۆششی زۆر کەپشت دەبەستێت بەکتێب و سەرچاوەی زانستی کە بۆ هەر لێکۆڵیینەوەیەکی زانستی بەپێویست دەزانرێت و بەکاربەێنرێت، هەروهها بۆ ئەوەی ئەوبابەت و کێشەیە بەشێوەیەکی وورد و بابەتی روونبکاتەوە، توێژینەوە ئەنجام دەدات.

لە توێژینەوە زانستیەکاندا کۆمەڵێك کردەی زانستیانە هەن بەبێ بەسەرکردنەوەیان ئەنجامدانی پرۆژەی توێژینەوەی زانستی ئاکامی باشی نابێت، یەکێك لەم هەنگاوانە هەستکردنە بەبوونی کێشەیەکی دیار، کەوا دەخوازێت توێژینەوەی زانستی لەسەربکرێت. هەروەها بۆ ئەوەی توێژینەوەی زانستی ئەنجام بدرێت دەبێت کێشەیەکی دیاریکراو لە ئارادا بێت لەبەرئەوەی لایەنێکی گرنکە لە لایەنەکانی مێژووی زانستی.

جگە لە هەبوونی کێشەیەکی دیاریکراو، پێویستە توێژەر بۆ دۆزینەوەی چارەسەرکردن، رێگە چارەی تر بەکاربێت، پێویستە هەستێت بەدەستنیشانکردن و دارشتن وشیکارکردنی پێداویستیەکانی توێژینەوەی زانستی و زانینی جۆری توێژینەوەکە و مێژووی توێژینەوەکە و جۆری ئەو ئامرازانەی بەکاردهەێنرێت و سروشتی داتا و زانیارییە پێویستیەکان. لێرەدا کێشەی ئەم توێژینەوە ئەوەیە کە رۆڵی راگەیاندن لە بە جینۆساید ناساندنی کوردە فەیلییەکان تا چەند راستەوخۆو راستەوانە کاردەکاتەسەر ناساندنی ئەو کارەساتە مرۆییە کەبەسەر کوردەفەیلییەکاندا هاتووە.

## پرسیارەکانی توێژینەوەکە

1. راگەیاندنی کوردیی (بینراو – بیستراو – خوێندراو – سۆشیال میدیا) چ رۆڵێکی بینیوە لە بە جینۆساید ناساندنی کوردە فەیلییەکان؟

2. ئایا راگەیاندنی کوردی بووەتە هۆکارێکی بۆ گەرانەوەی کوردە فەیلییەکان لە دەرەوەی وڵات؟

3. ئایا راگەیاندنی کوردی بووەتە هۆکارێکی بۆ گەڕانەوەی کوردە فەیلییەکان بۆ سەر کار و فەرمانیان لە دەزگاکانی میری؟

4. ئایا راگەیاندنی کوردی هیچ بەرنامەیەکی تایبەتی هەبووە لەسەر کێشە و گیرو گرفتەکانی کوردە فەیلییەکان؟

## گرنگی توێژینەوەکە

توێژینەوەی زانستی دەربارەی هەر بوار و بابەتێك بێت، گرنگی و بایەخ و تایبەتمەندی خۆی هەیە، بۆیە توێژەر گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەم خاڵانەدا باس دەکات:

1. ئەم توێژینەوەیە گرنگی بۆچوونی هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستان وەردەگرێت سەبارەت بە رۆڵی راگەیاندنی کوردی لەسەر کێشە و ململانێکانی کوردە فەیلییەکان.

2. لێرەو لەوێ گرنگی ریکلام باس دەکرێ و بەرچاو دەکەوێت بەڵام سەبارەت بە کوردە فەیلییەکان

زۆر کەم بایەخی پێدراوە و باس کراوە، بۆیە ئەم توێژینەوەیە گرنگییەکی تایبەتی هەیە کەپێشتر بەرادەیەك گرنگی بەو بوارە نەدراوە.

### ئامانجی توێژینەوەکە

هەر توێژینەوەیەك کە ئەنجام دەدرێت بەمەبەستی گەیشتنە بە چەند ئامانجێك بۆیە توێژەر ئامانجی توێژینەوەکەی لەم خاڵانەدا دەخاتە روو:

1. بۆ دەرخستنی گرنگی و کاریگەری راگەیاندنی کوردی لەسەر کوردە فەیلییەکان.
2. بۆ زانینی مەبەستەکانی راگەیاندنی کوردی لەسەر کوردە فەیلییەکان لە هەرێمی کوردستان.
3. بۆ زانینی بۆچوونی هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستان سەبارەت بە راگەیاندنی کوردی لەسەر کوردە فەیلییەکان.

### جۆر و رێبازی توێژینەوە

ئەم توێژینەوەیە دەچێتە چوارچێوەی توێژینەوەیەکی مەیدانیەوە، هەروەها هەموو توێژینەوەیەك رێبازێکی تایبەتی خۆی هەیە، رێبازی ئەم توێژینەوەیەش بریتیە لە رێبازی شیکاری کەلە رێگەی فۆرمی راپرسیەوە دەبێت و یەکێکە لە رێبازە زانستیەکانی توێژینەوەی زانستی.

### کۆمەڵگەی توێژینەوەکە

کۆمەڵگەی توێژینەوە تاکەکان یان بابەتەکان یاخود ئەو ەونەرانەن کە دەچنە ژێر باری لێکۆڵینەوە. لەبەرئەوەی ناونیشانی توێژینەوەکە بریتیە لە (رۆڵی راگەیاندن لە بە جینۆساید ناساندنی کوردە فەیلییەکان) توێژینەوەیەکی مەیدانیە بۆ سامپڵێك لە هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستان. بۆیە کۆمەڵگای توێژینەوە بریتی دەبێت لە (هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستان).

### سامپڵی توێژینەوەکە

وەرگرتنی هەموو کۆمەڵگەی توێژینەوە،کارێکی ئەستەمەو ناکرێت هەموویان وەربگیرێت بۆیە دەبێت سامپڵێکی لێ وەربگیرێت، سامپڵی توێژینەوەش بەم شێوەیە دەناسرێت کە: ئەو بەشەیە لەکۆمەڵگە کە هەڵبژاردنەکەی بەپێی یاسا و رێبازی زانستی دەبێت، بەجۆرێك نوێنەرایەتی راستی کۆمەڵگە بکات. سامپڵی توێژینەوەکەش سامپڵێکی هەڕەمەکی رێکخراوە، کە بریتیە لە شارەکانی (هەولێر – سلێمانی – دهۆك – هەڵەبجە) سامپڵێکی لێ وەرگیراوە کەپەیوەندی بە بابەتی توێژینەوەکەوە هەیە. سامپڵی توێژینەوەکەش بریتی دەبێت لە دابەشکردنی (372) فۆڕمی راپرسی بەسەر ئەو (4) پارێزگایەدا.

### پاری یەکەم: لایەنی تیۆری توێژینەوە

### یەکەم: چەمك و پێناسەکان

کورد بە درێژایی مێژووی خۆی چەندین جار ڕووبەڕووی جینۆساید و هەوڵی لەناوبردن بووەتەوە، کەم

ناوچەی کوردستان هەیە بەر شاڵاوەکانی ئەنفال، بۆردوومان، کیمیاباران و هەوڵی لەناوبردن نەبووبێتەوە. بەپێی پێوەرە نێودەوڵەتییەکان، بەشێکی زۆری ئەو ستەم، هێرش و پەلامارانەی کراوەتە سەر هەرێمی کوردستان؛ دەچنە چوارچێوەی جینۆسایدەوە.

## جینۆساید (کۆمەڵکوژی) چییە؟

جینۆساید (بە ئینگلیزی: Genocide) بە لەناوبردنی کۆمەڵێك خەڵك یان دەستەیەك دەوترێت لەلایەن وڵاتێك یان پارتێکی دەسەڵاتدارەوە لەناوبرابن و هەوڵی کوشتنیان درابێت. دەشێت کۆمەڵکوژی هۆکاری ئایینی، نەتەوەیی، ڕامیاری، یان بیری ڕەگەزپەرستانەی لەدواوە بێت. وەك لەناوبردنی ئەرمەنییەکان لەلایەن ئیمپراتۆری عوسمانییەوە، یاخود کیمیاوییبارانی هەڵەبجە لەلایەن ڕژێمی بەعسی عێراقییەوە جینۆساید. (Berel ,2005, p43 )

جینۆساید زاراوەیەکە لە دوو بڕگە پێکهاتوە، جینۆ (Genos) وشەیەکی گریکیە بە واتای ڕەگەز یان بنەچە دێت، (ceader) وشەیەکی لاتینییە بە واتای لەناوبردن و پاکتاوکردن دێت، هەردوو وشە پێکەوە بەمانای پاکتاوکردنی رەگەزی دێت. بەکارهێنانی زاراوەی جینۆساید بۆ یەکەمجار لە لایەن شارەزای یاسایی پۆلەندی (رافائیل لیمکین) لە (مەدرید) لە کۆنفرانسی ساڵی (1933) بەکاریهێناوە و لە ساڵی (1942) بە نوسن تۆماری کردوە، ئەم یاساناسە خێزانەکەی بەدەستی ئەڵمانەکان لە ناوبردراون. (Seyla ,2009, Vol .16, No 2, pp 331-350)

دان ستۆن (2005) پێیوایە کە جینۆساید: هێرشێکە بۆ سەر ڕەهەند و لایەنە جوداکانی ژیانی گروپێکی دیاریکراو: 1) ڕوویی سیاسی: (کۆلۆنیالیزەکردن، و ڕووخاندنی دامەزراوەکانی خۆ_بەڕێوەبەری)؛ 2) ڕووی جڤاکی: تێکدانی پێکەوەیی جڤاکی نەتەوەیەك، لابردن و کوشتنی ئەو توخمانەی کە ڕابەرایەتی هۆشەکی نەتەوەیەك دەکەن وەك: ئینتێلیجێنسیا؛ 3) ڕووی کولتووری: قەدەغەکردن و لەناوبردنی چالاکی و دامەزراوە کولتوورییەکان؛ 4) ڕووی ئابووری: قەدەغەکردنی پراکتیککردنی بازرگانی و داگیرکردنی سەرچاوە سروشتییەکانی نەتەوەیەك؛ 5) ڕووی بیۆلۆگی: سیاسەتی ڕاگواستن و کەمکردنەوەی دانیشتوان؛ 6) ڕووی فیزیکی: برسیاندن و کۆمەڵکوژی؛ 7) ڕووی ئاینی: دەستتێوەردان و دەستکاریکردنی چالاکییە ئاینییەکان؛ 8) ڕووی مۆڕاڵی: تێکشکاندنی مۆڕاڵێتی گروپێکی دیاریکراو. ئەو ڕووانەی جینۆساید دەتوانرێ بەتەواوی بۆ ئەنفال بەکاربەێنرێن. (Jean- Louis ,2010, pp. 101-115.)

جینۆساید لە سادەترین پێناسەیدا کوشتنی بە کۆمەڵ دەگەیەنێت. گەر تەنیا وشەی «جینۆساید» بە نموونە وەربگرین، ئەوە چەندین کاری بێویژدان و دڵڕەقانە و دوور لە هەموو بهها بەرزە مرۆڤایەتییەکان لەخۆدەگرێت. (Rotfeld, 2010, pp. 19-27.)

رافایل لێمکین، داهێنەری چەمکی جینۆساید دەربارەی پێناسەی جینۆساید دەڵێت: مەبەستمان لە جینۆساید، وێرانکردنی دەوڵەتێك یان گروپێکی نەتەوەییە. جینۆساید ئاراستەی گروپی نەتەوەیی و نیشتیمانی دەکرێت. کردەکان ئاڕاستەی تاکەکان دەکرێت، نەك لەبەر توانا کەسیەکانی خۆیان، بەڵکو لەبەر ئەندامێتیان لە گروپێکی نیشتیمانی.(ئاورۆن، و. قەرەداغی، 2019: 27)

بە هۆی جیاوازی و جۆراوجۆریی ئاستی ئەو تاوانانەی بە جینۆساید ناو دەبرێن، پێناسەی جیاواز و

جۆربەجۆریش بۆ ئەم چەمکە کراوە. ئاوارە حسێن مامۆستای زانکۆ و پسپۆڕی بواری یاسای تاوانکاریی نێودەوڵەتی، لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ گۆڤاری ئایندەناسی بەم شێوازە باسی جینۆساید دەکات و دەیناسێنێت: جینۆساید تاوانێکی نێودەوڵەتییە کە لەسەرووی هەمووی تاوانە نێودەوڵەتییەکاندایە. واتە گەورەترین و مەترسیدارترین تاوانی نێودەوڵەتی و ناوخۆییە. (جەمال، گۆڤاری کەوانە، ژمارە (22)ی ئابی 2013: 149)

بەپێی ڕێکەوتننامەی، (قەدەغەکردن و سزادانی ئەنجامدەرانی تاوانی جینۆساید)، کە لەلایەن "ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکانەوە پێشنیارکراوە دوای گفتوگۆکردن لەسەری، لەلایەن ژمارەیەکی زۆر لە دەوڵەتانەوە پەسەند کراوە. لە مادەی دووی ئەو ڕێکەوتننامەیەدا تاوانی جینۆساید، پێناسەکراوە" (سیمۆن، و: تۆفیق، گۆڤاری ئەنفالناسی، ژمارە (1)، 14/4/2017)

بەوەی "هەرکارێك بە مەبەستی لە ناوبردنی هەموو یان بەشێك لە کۆمەڵی مرۆڤایەتی ئەنجام بدرێت. لە ڕووی سیفاتی نەتەوەیی و ڕەگەزی و نیشتیمانی و ئاینی. بە تاوانی جینۆساید دادەنرێت" (ساڵح، 2008: 18)

هەموو ڕەفتارێکی ڕەگەزپەرستانە دەرهەق بە مرۆڤ دەچێتە خانەی جینۆسایدەوە. هەرچی "کۆمەڵکوژی، قەڵاچۆکردن، ئیبادەکردنی جەماعی. بە واتای لە ناوبردنی بە کۆمەڵی نەتەوەیەکی دیاری کراو، یان ڕەگەزێك یان مەزهەبێکی دیاریکراودێت. کە پێشتر نەخشەی بۆ کێشراوە. لە پەیماننامەیەکی نێو دەوڵەتیدا، بۆ ڕێگرتن لە جینۆساید کە لە 9ی دیسەمبەری 1948، ئیمزای لەسەرکراوە. دەربارەی جینۆساید دەڵێت: (جینۆساید، لەناوبردنی تەواو یان بەشێکی، نەتەوەیەك، ڕەگەزێك، مەزهەبێك، کوشتنی ئەندامەکانی گروپێك، لێدانی جەستەیی یاخود ڕوحی ئەندامانی گروپێك. بڕیاردانی بە ئەنقەستی گروپێك، دەربارەی هەلومەرجی نەگونجاوی ژیان. ڕێگرتن لە لەدایك بوون ئەندامانی گروپێك، گواستنەوەی زۆرە ملێی منداڵانی گروپێك، بۆ گروپێکی تر دەگرێتەوە" (شێخ مستەفا، سلێمانی 2010، 23) هەروەها جینۆساید تەنها لەناوبردن و پاکتاوی رەگەز و جەستە نییە بەڵکوو جینۆسایدی زمان و کلتور و .....هتد زۆر شتی تریش دەگرێتەوە.

## دووەم: جۆرەکانی جینۆساید (کۆمەڵکوژی)

1: جینۆسایدی جەستەیی: بریتیە لە کوشتن و لەناوبردنی تاکەکانی کۆمەڵ، بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ وەك (گوللەبارانکردن، زیندەبەچاڵکردن، شونبزرکردن، لەسێدارەدان، بەکارهێنانی چەکی کۆمەڵکوژ). بۆ نموونە: کیمیابارانکردنی هەڵەبجە و گوندو لادێکانی کوردستان لە لایەن رژێمی عێراق و بەکارهێنانی چەکی فسفۆری و ژهەراوی دژ بە گەلی کورد، زیندە بەچاڵکردنی ئەنفالکراوان لە بیابانەکانی رۆژئاوای عێراق. کوشتن و لەناوبردنی گەنجە کوردەفەیلیکان، بۆردومانکردنی شاری قەڵادزێ بە بۆمبی ناپاڵم، ئەمانە دیارترین جۆری پاکتاوکردنی جەستەیین دژ بە گەلی کورد لە عیراق.

2: جینۆسایدی بایەلۆژی: ئەم جۆرەیان بریتیە لە ڕێگرتن لە وەچە نانەوە و زۆربوون و گەشەسەندنی کۆمەڵە مرۆڤێکی یەك ڕەگەز بەهۆی نەزۆککردن و لە باربردنی ئافرەت و خەساندنی پیاوان و لێك جیاکردنەوەی ژن و پیاو بۆ ماوەیەکی درێژ. ئەم تاوانە لە شاڵاوەکانی ئەنفال لە ساڵی (1988) لە کوردستان پەیڕەوکراون، بە تایبەتی لە مەڵبەندەکانی کۆکردنەوەی ئەنفالکراوەکان لەکاتی جیاکردنەوەی پیاوەکان لە ژنەکان.

3: جینۆسایدی کولتوری: قەدەغەکردنی زمانی زگماك و شێواندنی مێژوو و کولتوری کۆمەڵە مرۆڤیك و سڕینەوەیی شوێنەواری شارستانی و مێژوویی دەگرێتەوە. لە وێرانکردن و شێواندنی شوێنە دێرینەکان، کە پاشماوەی کۆن ونوێ دانیشتوانی ناوچەکەن، وەك رووخاندنی مزگەوت و کڵێسە و قەڵا دێرینەکان و پەیکەرەکان، کە ناسنامەی مێژوویی دانیشتوانی ناوچەکەن. لە لایەن زۆربەی نەتەوە باڵا دەستەکانەوە هەوڵی بێوچان دەدرێت بۆ پشتگیری دەسەڵاتەکانیان لە پاکتاوکردنی رەگەزی و نەتەوەیی، بۆ تواندنەوەی زمان و ڕۆشنبیری و مێژووی ئەو نەتەوانەی کەلەناو نەتەوە زۆرینەکان دەژین. جینۆساییدی کولتوری لە زۆر شوێنی جیهاندا پەیڕەو دەکرێت، وەك لە تورکیا و ئێران و سوریا دەرهەق بە گەلی کورد دەکرێت، وە لەباکووری ئەفریقیا دژ بە ئەمازیغەکان، لە سودان دژبە دانیشتوانی دارفور و میانمار دژبە موسڵمانەکانی ئەو وڵاتە دەکرێت... هتد.

4: جینۆسایدی ئابووری: بریتیە لە برسیکردنی دانیشتوان لە ڕێگای تەختکردنی کێڵگە کشتوکاڵیەکان و لەناوبردنی سەرچاوەی ئاویەکان و ڕێگا گرتن لە کارکردن بۆ بژێوی ژیان و لەناوبردنی هۆکارەکانی بەرهەمهێنانی کۆمەڵە خەڵکێك. ئەم جۆرەیان وەکو جۆرەکانی تر زۆر بە ئاشکراو روون لە کوردستان بەرچاو دەکەوێت. زیاتر لە (4500) چوار هەزار و پێنج سەد گوندی کوردستان لەگەڵ زەوی تەختکران. شەڕی ناوخۆی هەرێمی کوردستان جینوسایدێکی رێکخستن و جەمسەرگیریە.

5: جینۆسایدی فەرهەنگی: بریتییە لە قەدەغەکردنی زمانی نەتەوەیی و دەستدرێژیکردنە سەر کەلتووری نەتەوەیی. جینۆسایدی فەرهەنگی زاراوەیەکە بۆ باسکردن لە تێکدانی بەئەنقەستی کەلەپووری فەرهەنگیی نەتەوەیەك بە هۆکاری سیاسی، سەربازی، ئایینی، ئایدۆلۆژی و ڕەگەزی، بە مەبەستی لەناوبردنی بەشێك یان هەموو ژیانی فەرهەنگیی نەتەوەیەك یان گرووپێکی ڕەگەزی، ئیتنی یان ئایینی یان تێکدانی دامەزراوە فەرهەنگییەکانیان و دەستکەوتەکانیان لە بواری گەشەی کۆمەڵایەتی و دەروونی لە قۆناغە مێژووییەکان، وەك داهێنانەکان لە بواری زمان، هونەر، ئەدەبیات، زانستەکان، پەروەردە و ژیانی ماددی و مەعنەویی ئەو گرووپە. لە سادەترین پێناسەدا دەتوانین بڵێین کە جینۆسایدی فەرهەنگی بریتییە لە ڕێگەگرتن لە قسەکردن بە زمانی نەتەوەیی و دەستدرێژیکردنە سەر کەلتووری نەتەوەیی. واتە ئەو هۆکارانەی کە پاڵنەرن بۆ ئەم کارە، بریتین لە هۆکاری ئایینی، سیاسی، کۆمەڵایەتی، ڕەگەزی یان ململانێی مێژوویی و هتد. شیاوی باسە لە ڕەشنووسی سەرەتاییی ڕێککەوتننامەی قەدەغەکردنی جینۆساید، ئەم ئامرازانەی خوارەوە دەتوانرێ بۆ جینۆسایدی فەرهەنگی بەکار بێت:

1- گواستنەوەی زۆرەملێی منداڵان بۆ ناو گرووپە مرۆییەکانی تر.

2- دوورخستنەوەی زۆرەملێ و سیستەماتیکی ئەو کەسانەی کە بە نوێنەری فەرهەنگیی گرووپێك لە قەڵەم دەدرێن.

3- قەدەغەکردنی بەکارهێنانی زمانی گرووپی کەمینە لە ئاخاوتنی تایبەت و تاکەکەسی.

4- لەنابردنی سیستەماتیکی کتێبە چاپکراوەکان بە زمانی گرووپی کەمینە و هەروا لەناوبردنی بەرهەمە ئایینییەکان یان قەدەغەکردنی بڵاوکردنەوەی کتێبی نوێ.

5- لەناوبردنی سیستەماتیکی شوێنەوارە مێژوویی و ئایینییەکان، یان شێواندنی چۆنێتیی کەڵکلێوەرگرتنی، شێواندن یان لەناوبردنی ئەو بەڵگەنامە و کەلوپەلانەی کە خاوەن بههای مێژوویی، هونەری یان ئایینین، هەروا تێکدانی ئەو ئامرازانەی کە لە کاتی ئەنجامدانی ڕێوڕەسمە ئایینییەکان کەڵکیان لێ وەردەگیرێت.

## سێیەم: مێژووی جینۆسایدی کوردانی فەیلی

ئۆستن هێنری لایارد (1887) فەیلییەکانی بە گەورەترین و بەهێزترین هۆزەکانی لوڕ وەسف کردووە کە لە شاخەکانی باکووری دژپێڵ نیشتەجێن.

لەساڵی 1953 مێژوونووسی بەریتانی ستیڤن هێمسلی لۆنگریگ لەسەر مێژووی سیاسی عێراق نووسیویەتی:

ئەمانە خەڵکی ڕەسەنی باشووری زاگرۆسن، و ڕەعیەتەکانی وەلی بۆماوەیی خۆیان، لە بەغدا و بەسرە وەك هەڵگری باری قورس ئاشنا بوون، کە ئەو داگیرکارییەیان قۆرخ دەکرد. هەروەها وەك بازرگان و پیشەوان لە ناوچەکانی ناوەڕاستی دیجلە و غەرەف نیشتەجێ بوون، لەوێ بە کوردی فەیلی ناسراون؛ و زاڵ بوون بەسەر شارۆچکە سنوورییەکانی مەندەلی و بەدرە و گوندەکانی نزیکیان. لە هەموو ئەمانە نیو سەدەی ڕابردوو هیچی نەگۆڕیوە. لە باکووری عەرەبستان و نزیکەی بە هەمان شێوە سەربەخۆ لە قاجارەکان لە لورستان، پارێزگای لوڕەکان کە لە ڕووی ڕەگەزی و دیالێکتیکەوە جیاوازن لە فارسەکان. کەوتووتەتە دوو ناوچەی گەورە و بچوك، پێشکۆ، زۆنی ڕۆژئاوای ئەم دووەمیان و ماڵی کوردانی فەیلیە، سنووری خۆی لەگەڵ ویلایەکانی بەسرە و بەغدا پێکەێنا. بۆ ماوەی سێ سەدە لە ژێر یەك هێڵی وەلیدا مابووەوە. ئەرکەکانی حکومەت لە باجێکی بچووکدا قەتیس بوو بۆ حکومەتی ناوەندی، دەسەڵاتەکانی بێسنوور لەناو پشتکۆ، کاریگەرییەکەی بەرچاو لە ڕۆژهەڵاتی`عێراق. غوڵامڕەزاخان ئەرکەوازی کە چواردەهەمین والی بوو، بەهۆی شانازییەوە و ڕێوڕەسمە ئاینییەکانی ڕێزی لێدەگیرا، بەڵام بەهۆی چاوبرسییە پیسەکانییەوە ڕقی لێدەگیرا. (Longrigg ,1953,pp. 10, 13–14)

### عێراق

فەیلیەکان زۆرینە لە بەغدا، کووت، خانەقین، مەندەلی و بەدرە لە نزیك سنووری ئێران دەژین و خۆیان بە کورد دەزانن. (docs.google.com/a/soran.edu.iq)

فەیلییەکانی عێراق بە شێوەیەکی کارا بەشدارییان لە شەڕی سەربەخۆیی کورددا کردووە و زۆرێك لە فەیلیەکان بەرزبوونەتەوە بۆ پۆستی باڵا، لەنێویاندا فوئاد حوسێن لە پارتی دیموکراتی کوردستان. (.www kurdistan24.net/en/news)

فەیلیەکان لە سەرەتای دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە لە ساڵی 1946 بەشدار بوون و هەروەها لە ساڵی (1975)ەوە لە دامەزراندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا بەشداریی چالاکانەیان بووە. (www.rudaw.net/english/kurdistan)

جگە لەوەش فەیلییەکان بەشدارییەکی بەرچاوی لە بواری هونەریان لە عێراقدا هەبووە، لەنێویاندا مۆسیقاری بەناوبانگی عود، (نەسیر شەممە).

لە ناوەڕاستی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوودا عێراق نزیکەی ٤٠ هەزار فەیلی دەرکرد کە چەندین نەوە لە نزیك بەغدا و خانەقین ژیاون و گومانیان کرد کە ئەوانە خەڵکی ئێرانن. لە ساڵی 1971 تا 1980 زیاتر لە 200 هەزار کوردی فەیلی لەلایەن حکومەتی عێراقەوە لە زێدی خۆیان دوورخرانەوە. لە ساڵی 1980 سەددام حوسێن 10.000دینار (نزیکەی $30.000) پێشکەشی ئەو هاوڵاتیانە دەکرد کە لە فەیلییەکان جیادەبوونەوە

یان خۆیان بێبەری دەکرد، لە ساڵی 2010 وەزارەتی کۆچ و کۆچبەرانی عێراق بڵاویکردەوە، لە ساڵی 2003ەوە نزیکەی 100 هەزار فەیلی ڕەگەزنامەیان بۆ گەڕێنراوەتەوە. (reliefweb.int/report/iraq)

### ئێران

فەیلیەکان لە ئێران زۆرینەیان لە پارێزگای ئیلام و بەشێك لە پارێزگای لوڕستان دەژین و لە سەرەتای سەدەی نۆزدەهەمەوە بەرەو ڕۆژئاوا ڕۆیشتوون. پەیوەست بوونیان بە ڕێگا بازرگانییەکانی نێوان ئێران و عێراق وای لێکرد ڕۆڵێکی گرنگیان لە بازرگانیی بەغدا هەبێت. جگە لەوەش کۆچی جووەکانی ئێران لە ساڵی 1948 بۆ ئیسرائیل کە بازرگانانی جوولەکەکانی لەخۆگرتبوو ڕێگەی بە فەیلییەکان دا کە بۆشایی ئابووری پڕ بکاتەوە. (www. minorityrights.org)

### چوارەم: قۆناغەکانی پاکتاوی ڕەگەزی کوردە فەیلییەکان

چیرۆکی فەیلییەکان، یەکێکە لە تراژیدیترین چیرۆکەکانی ئەم سەردەمەی ژێردەستەیی کورد، فەیلییەکان ڕۆژگارێك ٪10ی کۆی دانیشتوانی کوردییان لەباشور و زیاتر لە ٪20ی دانیشتوانی ناوچە داگیرکراوەکانی دەرەوەی هەرێمییان پێك دێنا و ئابووری و بازرگانی بەغدایان لەژێردەستدا بوو. ئێستا فەیلییەکان ئاسارێکی وایان لەسەر خاکی باشور و بەغدا نەماوە. لە ماوەی دوو دەیە و لە دوو قۆناغی جینۆساید و پاکتاوی رەگەزیدا، ئەم پێکهاتە نەتەوەییەی کورد، لەسەر دەستی دەوڵەتی فاشیستی عێڕاقی، بە نیمچە تەواوی سڕایەوە.

قۆناغی یەکەمی پاکتاوی رەگەزی: ئەم قۆناغە لە 1970 روویدا و تەنها پاکتاوی رەگەزی بوو و زیاتر لە 40 هەزار  کوردی فەیلی دەسگیرکران و لە مڵك و ماڵ و داهات و زێڕ و پول و پارە و ناسنامە و رەگەزنامە داماڵدراون و ئاوارەی ئێران کران.

قۆناغی دووەمی پاکتاوی ڕەگەزی و جینۆساید: ئەم قۆناغە لە 1980دا دەستیپێکرد و ساڵێکی خایاند، کیانی فاشی عێڕاقی لەم قۆناغەدا مەبەستی سڕینەوەی تەواوی کوردی فەیلی بوو.

لەم قۆناغەدا: زیاتر لە 20.000 هەزار گەنجی کوردی فەیلی، تەمەن 18 - 28 ساڵ گۆڕەوشار کران. 400 هەزار کەس بە گوێرەی ئەمنستی ئەنتەرناشنال، لە هەموو موڵك و ماڵ و ناسنامەیك داماڵدران و دەربەدەری ئێران کران. (www.politicmedia.ne)

### پاری دووەم: مێژووی کوردە فەیلییەکان

زۆربەی ئەوانەی بایەخ بە کێشەی کورد و بە تایبەت کوردی فەیلی دەدەن، لە بارەی مانای فەیلی و سەرچاوەی وشەکە و مێژووی سیاسی و کۆمەڵایەتیان دەپرسن. بۆیە زۆر پێویستە ڕوونکردنەوەی هەندێ زانیاریی بخەینەڕوو سەبارەت بەم کۆمەڵە دینییە. ئەم پێکهاتەی کەوا لە زۆر ماوە و سەردەمی پێشوو تووشی زوڵم و ستەم هاتوون، جارێك بە هۆی ئینتیمای نەتەوەییان و جارێکی دیکە بە هۆی ئینتیمای مەزهەبییان. ئەڵبەت کە لە هەر پێکهاتەیەك دەکۆڵینەوە ئەوا گرنگترین ئەو لایەنەی ناکرێ فەرامۆشی بکەین: مەسەلەی زمان و شێوەزارە. ئا لێرەوە دەتوانین لە ڕووی نەتەوەییەوە پێکهاتەکە پۆلێن بکەین.

بەر لەوەی خۆمان بخەینە ناو باسی فەیلی، پێویستە سەرەتا بگەڕێینەوە سەر لوڕ. ئەڵبەت لوڕ شێوەزارێکی کوردییە و لە هەمان کات بە هەندێ هۆزی کوردیش دەوترێ لوڕ، مەبەست لەمەش لوڕی گەورە و هەندێ جاریش بە کرمانجی باشوور یاخود کوردی باشووری پێ دەگوترێ، ئەڵبەت هەندێ جار بەختیاری مامەسەنی و وەی تریشی دەدرێتە پاڵ. (خورشید، 1986، ل99)

زۆرێك لە زمانەوانانی کورد لە عێراق و پسپۆڕانی بواری زمانی کوردی بڕوایان وایە (فەیلی) بە گشت ئەو کوردانە دەوترێ کە کوردی لوڕی قسەدەکەن، هەندێ جاریش بە شێوەیەکی مەجازی بە کوردی کرماشانی. (عبدالرحمن، 1987، ص2)

نادەبرێت. بۆ ئاسانکاریی بە گشتی کوردی لوڕ بۆ دوو بەشی سەرەکی دابەش دەکرێت:

1. لوڕی بچووك: کە بە (لوڕی ڕەسەن)یش ناودەبرێت، کە ناوچەکانیان لە بەشی ئێران بە لوڕی بچووك ناودەبرێت. ناوچەی (پشتکۆ) یاخود لوڕستانی بچووك کە دەکەوێتە شاری (خوڕەم ئاباد) بە پایتەختی کرداری لوڕی فەیلی دادەنرێت، یاخود بە لایەنی کەمەوە تا ساڵی (1929) ئاوا بوو، واتە سەردەمی (میر غولام ڕەزا خان). دواهەمینی والییە سەربەخۆکانی کوردانی فەیلی. (الگورانی، 1974ص141-140)

2. لوڕی گەورە: هەیە بە بەختیاری ناویان دەبا، ناوچەکانیان بە لوڕی گەورە ناسراوە، لە ڕووی جوگرافییەوە کەوتوونەتە ئێران (لەنێوان دزفول لە باکوور و تا نزیك شیراز لە باشوور، تا نزیکی ئەسفههان لە ڕۆژهەڵات، تا ڕۆژهەڵاتی هەرێمی ئهەوازی پارێزگای خوزستان لە ڕۆژئاوا) شاری دێرینی (مال میر -ایرج-) بە ناوەندی سەرەکی گەورە میرانیان دادەنرێت. (فیلی، 1999، ص102)

لەمەوە دەردەکەوێ هەردوو ناوی (لوڕی) و (فەیلی) لە ڕووی گوزارشتەوە لە عێراق و لە ئێران لێکتر جیاوازە. لەنێو کوردانی فەیلی لە عێراقدا نازناو و پاشناوی فەیلی زۆر دەگمەنە، ئەگەر لەلایەن هەندێ کەسیشەوە بەکاربێنرێت، ئەوا بە مانای ئینتمای خێڵایەتی بۆ خێڵێکی بچووکی ناو فەیلییەکان بەکاردێت، کە بە خێڵی لوڕ ناسراون، کەچی ناوی فەیلی لەلای ئێرانەوە تایبەتە بە ناوچەی پشتکۆ کە میرانی ئەم ناوچەیە بەم ناوەوە ناسراون، ئەوانیش ئەم ناوەیان داوە بەسەر داروەدەستە و ژێردەستەکانیان و ئەو خەڵکانەی لەژێر هەژموونیان بوون. لە ئێراندا کوردانی فەیلی بە ناوی خێڵ و ناوچەکانیانەوە ناسراون، ئیتر هەرێمێك هەیە بە ناوی لوڕستان و زۆربەیان ئینتمایان بۆی هەیە و بە ناوی خێڵەکانیشانەوە خۆیان دەناسێنن وەك لەك و مامەسەنی وەی تر. بەڵام لە بەری عێراق بە هەموو ئەوانەی بە کوردی لوڕی و لقەکانیەوە قسە دەکەن پێیان دەگوترێ فەیلی، بۆ ئەوان وەك ناوێکی گشتی لێ هاتووە. کەواتە لوڕ ناوێکی گشتییە لە ئێران و فەیلی نازناو و پاشناوێکی زۆر لۆکاڵی. کەچی لە عێراقدا حاڵەتەکە پێچەوانەیە لوڕی تایبەتە و فەیلی گشتییە. بەڕای توێژەریش لە خوێندنەوەی ئەمەی ڕابورد: ئەگەر فەیلی بە لوڕی بچووك ناونرا بێت، ئەوا دەکرێ بڵێین فەیلی گەورە واتە: فەیلی بچووك (ئەوانەی پاشناوی فەیلی بەکاردێنن) لەگەڵ گشت ئەو خێڵانەی کە پاشناوی فەیلی ڕەتدەکەنەوە، ئەمەش دواتر باسی دەکەین.

چەندان لێکدانەوە هەیە کە توانیومانە کۆی بکەینەوە، ئەڵبەت چەند هەوڵی نووسەران و لێکۆڵەران لە توێژینەوەی ڕیشەی ئەم وشەیە زیاتر بێت، ئەوا بەردەوام ئەم لێکدانەوانە لەزیادبووندان. هەر یەك لەم لێکدانەوانەش دەربارەی وشەی فەیلی، جیاوازە لە لێکدانەوەکانی تر، بە جۆرێك هەندێکیان هیچ پەیوەستییەکانی بەویتریانەوە نییە. وشەی (فەیلی) وشەیەکی گشتگیرە، توێژەران ناکۆکن لەسەر

ماناکەشی، هەندێکیان دەڵێن: دەستەواژەی (فەیلی) لە (فئە علی) -گرۆەی عەلی- هاتووە وەك ئاماژەیەك بۆ عەلی کوڕی ئەبو تاڵیب. (www. burathanews.com).

هەندێکیش دەیگێڕنەوە بۆ وشەی (پەیلی) کە لەناوی پاشا (پێلی-Peli)ـەوە وەرگیراو، ناوبراو پاشایەك بوو لە ئیلام و بنەماڵەیەکی حوکمداری بە ناوی خۆیەوە دامەزراند. هەروەها هەیە دەڵێ: لە وشەی فیل وەرگیراوە چونکە ئەوانە بە فیلەوانی ناسرابوون لە کاتی فتوحاتی عەرەب، هەشە وشەی فەیلی بە مانای شۆڕش و یاخیبوون و هەروهها ئازا و گیانفیدا و شۆڕشگێڕ لێکدەداتەوە. هەروەها هەیە بەو ئەڵقەی ناو مێژووی زمانی کوردی دادەنێت کە دەکەوێتە نێوان میدیایی کۆن و کوردی ئێستا و دەیبەستێتەوە بە شێوەزاری هۆرامی و لوڕی (فەیلی)، زۆرێکیش وای بۆ دەچن کە فەیلی زاراوەیەکە بە کوردانی بەغدا دەگوترێ، واتە عێراقییەکان نەك ئەو ئێرانیانەی پێیان دەگوترێ لوڕەکان. (www.facebook.com/the.Philly.Kurdes)

هەر چۆنێك بێت، لە ڕووی وشەسازیشەوە قسەی تر هەیە، زمانەوانان پێیان وایە وشەی فەیلی یاخود (پەیلی)ـی کۆن لە پاشناو و نازناوی فەهلی یاخود پەهلی (فەهلەوی-پەهلەوی). (اسماعیل، 1977، ص38) وەرگیراوە، وشەی فەیلی کە پیتی (پێ) تێیدا گۆڕاوە بۆ (فێ)، هەروهها (هێ)یش بۆتە (یێ) بە پێی ڕێسای گۆڕینی دەنگ لە زمانە ئێرانییەکان، بەمەش بۆتە فەیلی. واتە ئەمەی جێگیرە لە زمانی پهەلی کە ناوەکە بە پیتی (پێ)ـیە کە دەنگەکەی هاوشێوەی دەنگی پیتی (P)ـیە لە زمانی ئینگلیزیدا. ئینجا گۆڕاوە بۆ پهەلی و پاشان فهەلەوی، لەمەوە دەردەکەوێت کە (فەهلی/فەهلەوی) بنەچەی سەرەتای وشەی (پەهلی)ـیـە. (محمد، 1978، ص63 - 196). جاران بە گشتی ئەو وشانەی ئەم پیتەیان تێدا بوو، بە (ف) دەنووسران و گۆدەکران لە جیاتی (پ)، وەك گۆکردنی وشەی پارس و گۆڕینی بۆ وشەیەکی نوێ واتە فارس، هەرئەوەها ئەسپەهان بۆ ئەسفەهان، بەمەش پەیلی کۆن بە شێوە نوێیەکەی بۆتە فەیلی.

## جوگرافیای فەیلی

ئەڵبەت فەیلی وەك وشەیەکی نوێ، تەنیا بە کوردانی ناوچەی (پشتکۆ) و (پێشکۆ) ناگوترێ کە نیشتیمانی ڕەسەنی ئەوانە، بەڵکو ناوێکی پتر نەژادییە، چونکە ناوی زانستی و مێژوویی کوردانێ ئەوێ (لوڕ) ە، بۆیە وشەی فەیلی لە بەری ئێران نییە یاخود زۆر دەگمەنە، بەڵام لە بەری لای عێراق بە هۆی نەبوونی پارێزگا یاخود هەرێمێك بە ناوی لوڕستان، بۆتە هۆی زیاتر دەرکەوتنی ناوی (فەیلی) و دەگمەنبوونی وشەی (لوڕی). لە بەری عێراق؛ گشت ناوچە کوردییەکانی پارێزگای دیالە و واست لە ڕۆژهەڵاتی دیجلە، هەروەها تەواوەی ناوچەکانی تری کە بە ناوچەی کوردی فەیلی ناسراوە. بە هەر حاڵ جگە لەم ناوچانە لە شاری بەغدا زۆرترین ناوچە کە فەیلییەکانی لێ بێت بەری ڕەسافەیە، بە تایبەت ناوچەی سەدری، باب شێخ، تەسابیل، دهانە، شوریجە، جمیلە، مەدینە سەدر، حەی کورد، کازمییە، تاڵبییە، عەقاری، شارع فەڵەستین، ئەمین لە بەغدای نوێ، ئەوا جوگرافیای فەیلی لە بەری عێراق بریتییە لە خانەقین و شارەبان و مەندەلی لە باکوور، تا دەگاتە نزیکی بەسڕا لە باشوور، کە بەم ناوچانەدا تێدەپەڕێت: بەلەدروز، بەدرە، جەسان، زرباتییە، نعمانییە، عەزیزییە، عەلی شەرقی، عەلی غەربی و باکسایە. ئەڵبەت ئەو ناوچانەی زۆرینەی کوردی فەیلیین بە زمانی فەیلی بە گەرمەسێر ناسراوە بە سۆرانی واتە گەرمیان. هەرچەند گەرمیان زیاتر بە ناوچانەکانی کفری و کەلار و مەیدان .. هتد ناسراوە. (www. burathanews.com)

## نازناوی فەیلی و خێڵ و تیرەکانی

جگە لەم دابەشکردنە جوگرافییەی کە باسکرا، ئەوا پۆلێنکردنێکی خێڵایەتییش هەیە بۆ فەیلییەکان لەسەر بنەمای نازناو. لە ڕووی نازناوەوە هەندێ خێڵ هەن نازناویان فەیلییە، وەك: مەلەکشاەی، شوان، مشخاس و زرگوش (iraq.iraq.ir/vb/showthread)

و ەی تر. وێڕای ئەوەی لە کوردستان بە تایبەت لە باشوور، زۆر هۆز و خێڵ و تیرە هەن ڕەچەڵەکیان دەگەڕێتەوە بۆ لوڕی بچووك، لەوانیش: شێخ بزێنی، شەڕەف بەیانی، دەلۆ، باجەلان، ئۆرمزیارو هی تریش. (www.facebook.com/the.Philly.Kurdes)

لەگەڵ بەربڵاوبوونی نازناوی فەیلی لەم ناوچە جوگرافیایەی باسمانکرد، بەڵام هەندێك هۆزی کوردانی فەیلی هەن دان بەم نازناوەدا نانێن، وەك: ئەرکەوازی و قەرەلووسی و سوورەمیری. هەر چۆنێك بێت هەریەك لەم خێڵ و تیرانەی باسکران، هەریەکەیان دەکەونە ناوچەیەك، سوورەمیری لە خانەقین و مقدادییە و کووت دادەنیشن، قەزای خانەقین بنکە و ئەسڵی ئەم خێڵەیە و بەشێکی زۆریشیان لە بەغدا نیشتەجێن. قەرەلووس بە گشتی لە شاری مەندەلی نیشتەجێن هەروهها لە خانەقین و بەغدا و جەلەولا و سەعدییە و قزانییە و بەدرە و جەسان و بەلەدروزیش هەن، ئەم خێڵە چەند تیرە و لقی هەن. بەڵام ئەرکەواز یەکێکە لە خێڵە کوردییە شیعییە ڕەسەنەکان، بە شێوەیەکی زنجیرەیی لە ناوچە سنوورییەکانی نێوان عێراق و ئێراندان، لە ناوەندی قەزای خانەقین و گوندەکانی دەوروبەری و لەسەر زێی ئەڵوەند، جگە لەوەی لە بەغدا بە تایبەت لە ناوچەکانی ڕەسافە هەن، هەروەها لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستانیش هەن. هەرچی خێڵی مەلەکشاەی لە خانەقین نیشتەجێن، لە بەغدا و پارێزگا واستیش هەن، دەگوترێ ئەوان یەکەم کەسن کە نیشتەجێی شاری خانەقین بوون. (موسوعه ویکیبیدیا الحره علی الانترنیت، بڕوانە: أرکوازی و سورمیری و قرەلوسی)

درێژبوونەوەی فەیلی بەم شێوە نیمچە زنجیرەییە لەم ناوچە جوگرافییە، جۆرێك لە تێکەڵاوی لەگەڵ خێڵە عەرەبەکانی خستۆتەوە. ئەمەش هەم بە هۆی دراوسێتی جوگرافی و هەم هاومەزهەبییەوەیە. بۆیە چەندە لە کوردستانەوە ڕووە و خوارتر بڕۆی، هێندە ئەم تێکەڵاوی و هاوگونجاوییە زیاتر دەبینی. ئەڵبەت لەبەر نەبوونی ئامارێکی ورد و دروستی فەیلییەکان، ژمارەی دانیشتووانی فەیلییەکان بە وردی نازانرێت، بەڵام نزیکە دەبنەوە لە دوو ملیۆن هاونیشتمانی.

## مێژووی حوکمی فەیلییەکان

لە سەردەمی ئیسلامیدا، ناوچەی کوردی فەیلی لە چوارچێوەی حوکمی خیلافەتدا بووە، بە ناوچەی چیاکان (الجبال) ناسراو بووە، شاری میمره و شیروون-ی فەیلییەکان بەشێك بووەنە لە بەغدا و درەشهەر لە چوارچێوەی ویلایەتی بەسڕا بووە لە سەردەمی خەلیفە ئەبولعەباس سەفاحی عەباسی. هەروهها چەندان میری فەیلی لەو سەردەمەدا حوکمڕانیان کردووە، ناسراوترینیان میر زولفقار نخوود، کە لە خێڵی کەڵەووڕی فەیلی بووە، دەسەڵاتی بە جۆرێك فراوان بووە کە بەغدای کۆنترۆڵکردووە و شەش مانگ حوکمی ئەوێشی کردووە، واتە لە ساڵی (930 - 936کۆ)، لەو ماوەیەدا، حوکمدارییەکی باشی کردووە و کەسێکی بە پرس و ڕا و خزمەتگوزار بووە، بە جۆرێك مێژووناسان ئەم ساڵانە بە ماوەی ئارامی و ئاسایش

و گەشانەوە دادەنێن. هەروەها ناوچەی لووڕی بچووك کە بە لووڕی فەیلی ناسراوە لە سەدەی شازدەی زاینی دەوڵەتی خورشیدی لێ دامەزرا و لە ساڵی (1585ز) حسێن خان کە بیست و سێیەم حاکمی ئەو دەوڵەتە بووە لەوپەڕی بهەێزیدا بووە(وردی، 1971، ص10).

بە شێوەیەکی گشتی حوکمی لوڕستانی گەورە و بچووك و میرەکانی و حوکمداری خۆجێیەتی بۆ دەیان ساڵ، بەسەرهات و باس و خواسی زۆری هەن، بە پێویستمان نەزانی لێردا درێژەی بدەینێ.

## کارەساتی فەیلییەکان

ناوچەی فەیلییەکان بەشێکی بەرچاوی جوگرافیای عێراقە و لە ڕووی دانیشتوانیشەوە جیاوازە، لەبەر ئەمە یەك بە دوای یەك حکومەتەکانی بەغدا زۆر بە هەستیاریەوە مامەڵەی لەگەڵ کردوون وەك چۆن مامەڵەیان کردووە لەگەڵ گشت ئەو پێکهاتە نەژادییانەی زمانیان ناعەرەبییە، ئەمە وێرای لایەنگریی ئەم پێکهاتەیە بۆ مەزهەبی شیعە. فەیلییەکان لە دێر زەمانەوە و پێش پێکهاتنی دەوڵەتی نوێی عێراق هەر لەم ناوچەیە نیشتەجێن، بەڵام خەمەکانی ئەم توێژە خۆی حەشارداوە لەم جیاکارییە مەزنە؛ چەندە لەمێژە لەم ناوچەیە نیشتەجێن کەچی چەندە مافە مەدەنی و هاوڵاتیبوونیان پێشل دەکرێت. بەپێی مێژووە ڕەسمی و قانوونییەکانی دەوڵەت، دانانی یاسای ڕەگەزنامەی عێراقی؛ نامۆترین یاسای ڕەگەزنامەیە لە جیهان، ئەڵبەت لە ڕووی مامەڵەی مرۆییەوە، لە ساتەوەختی دامەزراندنی دەوڵەتی نوێی عێراقەوە بەسەرپەرشتیی تەواوی ئینگلیزەوە لەلایەن دەستڕۆیشتووانی حوکمی پاشایەتییەوە دانراوە. بە پێی ئەم یاسایە هاوڵاتیانی عێراقی دابەشی سەر دووان کراون: بەشی یەکەم: هاوڵاتیانی ڕەسەن کە بەڵگەنامەی عوسمانییان هەیە، بەشی دووەمیش؛ جگە لەوانەی پێش ئەوەی ماوەتەوە باگراوند ئێرانییەکانن. (-anna !(baa.org/nbahome/nba72

ئیتر لەسەر ئەم بنەمایە گشت حوکمدارانی قۆناغەکانی پێشوو ئەم توێژەیان چەوساندۆتەوە و پاکتاوی نەژادییان کردوون، هەر لە سەرەتای دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقەوە لەلایەن ڕژێمە سەرکوتکەرەکانەوە دژایەتیکراون. لە سەرەتای شەستەکانی سەدەی ڕابردوو، تووشی گشت جۆرەکانی زوڵم و ستەم بوون، لە دوای شکستی عەبدولکەریم قاسم و هاتنەسەرکاری عەبدوسەلام عارف شپرزەتریش بوون، لە سەردەمی بەعسدا گەیشتە ئەوپەڕی شاڵاوی بەرفراوانی کردەی ڕاگواستن و کۆمەڵکوژی.

(www.alkutnet.com/vb/showthread)

لە ساڵی (1963)ـدا حەرەس قەومی کوشتارێکی دژی کوردی فەیلی ئەنجامدا، کە بە تاوانەکانی گەڕەکی کوردان (جرائم حی الاكراد) لە بەغدا ناسراوە، هۆی ئەمەش چونکە ئەم گەڕەکە بناگەی سەرەکی بزاوتی سیاسیی کوردی و حزبی شیووعی عێراقی بوو(www.ahewar.org/debat). لە مارس (ئازار)ـی ساڵی (1970) دەیان گوند و دێهاتی فەیلی وێرانکران، بە تایبەتی ئەو گوندانەی خێڵی ئەرکەوازی بوون. دوا بە دوای مارس (ئازار)ـی ساڵی (1975) ڕژێمی بەعس دەستیکردە شاڵاوێکی بەرفراوانی ڕاگوازتن و تەعەریب و کۆچی زۆرەملێی گوندەکانی ئەم خێڵە و ڕەوانەی باشووری عێراقی کردن. ئەمە جگە لە بوونی بەڵگەنامە لەسەر کوشتنی حەڤدە هەزار گەنجی فەیلی، کە لە ساڵی (1980) دەستگیرکرابوون و لە ساڵی (1983) لەناوبردران. حکوومەتی ناوەند بە شێوەك مامەڵەی دەکرد وەك ئەوەی ڕیشەی نەژادیان

هەڵکێشێت و ڕایان بگوێزێتە ئێران، بە تۆمەتی ئەوەی ئەوانە ئێرانین و عێراقی نیین. سەرەنجام بووە هۆی شوێن بزربوونی دەیان هەزار مرۆڤ لە زیندانەکانی ڕژێمی بەعس بە تۆمەتی پاشکۆیی و باگراوندی ئێرانی.

بە گوێرەی ئاماری خاچی سووری نێودەوڵەتی و مانگی سوور لە ماوەی ساڵانی (1980) تاکو (1990) ژمارەی ئەو عێراقیانەی ئاوارەی ئێران بوون گەیشتە دوو ملیۆن، ئەڵبەت بە تۆمەتی باگراوندی ئێرانی و پاشکۆیی ئێران. سەرەڕای ئەمانەش، لە سەردەمی حوکمی حزبی بەعسدا، بەڵگەی ڕەگەزنامەی عێراقی نەدەدرایە فەیلییەکان بە هۆی ئینتیمای نەتەوەیی و مەزهەبییانەوە، بەڵکو لە ڕیزی لیستی ئەو خێڵانە بوون کە بەڵگەی ڕەگەزنامەیان لێ قەدەغەکرا بوو. (www. burathanews.com/arabic).

سەیریش لەوەدایە ئەوانە کە ئاوارەی ئێران دەبوون، هەم خۆیان بە عێراقی دەزانی و هەم ئێران بە هاوڵاتی ئێرانی نەدەزانین و بە عێراقی دەژماردن، واتە ئەوانە ئێرانی بوون لە عێراق و لە ئێرانیش عێراقی بوون!

## کێبڕکێی ڕاگەیاندن لەسەر فەیلییەکان

ماوەتەوە لەسەر ئاستی ڕاگەیاندن باسی ئەو کێبڕکێیە بکەین، ئەڵبەت کە بە ئەندازەی خۆی کاریگەریی هەیە. هەرچەند لە هەرێمدا بایەخێکی ئەوتۆ بەم مەسەلەیە نەدراوە، بەڵام لە دەرەوەی هەرێم لایەنەکان کاری خۆیان دەکەن و شەڕ لەسەر بردنەوەی ئەم گرەوە دەکەن. لەسەر ئاستی عێراقیدا کەناڵێکی شیعی هەیە بە ناوی ئیشراق (الإشراق) (لەسەر مانگی نایل سات: 11461H/27449) کە لە ڕووی گوتاری کەناڵەکەوە دیارە سەر بە ئاراستەی مەرجەعییەتە و بایەخ بە کوردانی شیعە و بە تایبەت فەیلی دەدات، بەرنامەی دینی و سیاسی و کۆمەڵایەتی بە زمانی کوردی و بە تایبەت شێوەزاری فەیلی پەخش دەکات، لەگەڵ بوونی سەب تایتلی هەواڵ و زانیاری لە ژێرنووسی کەناڵەکە بە زمانی کوردی سۆرانی و فەیلی.

هەروەها لە لایەنەکانی سەر بە پارتی کرێکارانی کوردستان (PKK)ـەوە بایەخ بە دۆزی فەیلییەکان دەدرێت، ئەڵبەت ڕەوتی ئاپۆچی بە گشتی لە پاڵ زۆرینەی کۆمەڵگەی کوردیدا بایەخ بە عەلەوی و یارسان و ئێزدی .. هتد دەدات، لەپاڵ ئەمەش فەیلییەکان، بۆ نموونە بوونی بەرنامەیەکی جەماوەری لەسەر شاشەی کەناڵی نەورۆز(NEWROZ)ـی نزیك پەکەکە، بە ناوی (وە فەیلی)، کە بە زمانی فەیلی پەخشدەکرا و تاوتوێی باس و خواس و چالاکییەکانی تایبەت بە فەیلییەکانی دەکرد. هەروەها کەناڵێکی تری سەر بە پەکەکە بە ناوی (ئاریەن) Aryen)( هەیە کە پەخشی بەرنامە و ژێرنووسی کەناڵەکە بە زمانی فارسی و زمانی کوردی بە هەردوو شێوەزاری (ناوەڕاست) سۆرانی و کوردی باشوور یاخود ئەوەی لە کوردستانی عێراق پێی دەگوترێ فەیلی. هەرچەند تیشکی ئەو کەناڵە پتر لەسەر ناوچە کوردییەکانی ژێر دەسەڵاتی ئێرانە (ڕۆژهەڵاتی کوردستان)، بەڵام بایەخدانی لەم جۆرە جێی تێبینییە.

## پاری سێیەم: لایەنی مەیدانی

## تەوەری یەکەم: تایبەتمەندییە کەسییەکان

1- لەکام شاری هەرێمی کوردستان دەژی؟

خشتەی (1) شوێنی نیشتەجێبوونی سامپڵێ توێژینەوەکە روون دەکاتەوە

| شوێنی نیشتەجێبوون | دووبارە بوونەوە | رەگەز | رێژەی سەدی | پلە | |
|---|---|---|---|---|---|
| | | نێر | مێ | | |
| هەولێر | 179 | 123 | 56 | 48.11% | یەکەم |
| سلێمانی | 98 | 58 | 40 | 26.34% | دووەم |
| دهۆك | 54 | 38 | 16 | 14.51% | سێ یەم |
| هەڵەبجە | 41 | 30 | 11 | 11.01% | چوارەم |
| کۆی گشتی | 372 | 249 | 123 | % 100 | |

لەخشتەی (1) کە شوێنی نیشتەجێبوونی سامپڵی توێژینەوەکە ڕوون دەکاتەوە دەرکەوتوو کە زۆرینەی سامپڵی توێژینەوەکە لە شاری هەولێر دەژین و وەرگیراوە بە دووبارەبوونەوەی (179) و بەڕێژەی (48.11) بە هەردوو رەگەز، شاری سلێمانی بەپلەی دوەم هاتووە بە دوبارەبوونەوەی (58) و بەڕێژەی (26.34) و شاری دهۆك بە پلەی سێیەم و بە دوبارەبوونەوەی (54) و بەڕێژەی (14.51) و شاری هەڵەبجەش بە کۆتا پلە هاتووە بە دوبارەبوونەوەی (41) هاوڵاتی و بە رێژەی ( 11.01)ە. وەرگرتنی زۆرترین سامپڵی توێژینەوەکەش لە شاری هەولێر دەگەڕێتەوە بۆ پایتەختی کوردستان و شوێنی نیشتەجێبوونی توێژەرەوە.

1- ئاستی بڕوانامە

خشتەی (2) ئاستی بروانامە سامپڵی توێژینەوەکە روون دەکاتەوە

| ئاستی بڕوانامە | دووبارەبوونەوە | رێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بنەرەتی | 103 | 27.68% |
| ئامادەیی | 75 | 20.16% |
| دبلۆم | 59 | 15.86% |
| بەکالۆریۆس | 128 | 34.4% |
| ماستەر و دکتۆرا | 7 | 1.88% |
| کۆی گشتی | 372 | 100% |

لەخشتەی (2) کە ئاستی زانستی سامپڵی توێژینەوەکە ڕوون دەکاتەوە دەرکەوتوو کە زۆرینەی سامپڵی توێژینەوەکە لە هەڵگری بڕوانامەی بەکالۆریۆسن و بە دووبارەبوونەوەی (128) و بەڕێژەی (34.4)ە و

بەپلەی یەکەم هاتووە، هەڵگرانی بڕوانامەی بنەڕەتی بەپلەی دوەم هاتووە بە دوبارەبوونەوەی (103) و بەڕێژەی (37.68) و ئامادەیی بە پلەی سێیەم و بە دوبارەبوونەوەی (75) و بەڕێژەی (20.16) و دبلۆم بە پلەی چوارەم و بە دوبارەبوونەوەی (59) و بە ڕێژەی (15.86) و هەڵگرانی بڕوانامەی ماستەر و دکتۆرا بە کۆتا پلە هاتووە بە دوبارەبوونەوەی (7) هاوڵاتی و بە رێژەی (1.88)ە.

1- ئاستی تەمەن

خشتەی (3) ئاستی تەمەنی سامپڵی توێژینەوەکە روون دەکاتەوە

| گۆراو | دووبارەبوونەوە | رێژەی سەدی |
|---|---|---|
| 18-27 | 28 | 7.52% |
| 28-37 | 39 | 10.48% |
| 38-47 | 170 | 45.69% |
| 47 ساڵ و بەرەو سەرەوە | 135 | 36.29% |
| کۆی گشتی | 372 | 100% |

لەخشتەی (3) کە ئاستی تەمەنی سامپڵی توێژینەوەکە ڕوون دەکاتەوە دەرکەوتوو کە زۆرینەی سامپڵی توێژینەوەکە تەمەنیان لەنێوان (38 – 47)یدایە و بە دووبارەبوونەوەی (170) و بەڕێژەی (45.69)ە و بەپلەی یەکەم هاتووە، (47 ساڵ و بەرەو سەرەوە) بەپلەی دووەم هاتوون بە دوبارەبوونەوەی (135) و بەڕێژەی (36.29) و تەمەنی (37-28) بە پلەی سێیەم و بە دوبارەبوونەوەی (39) و بەڕێژەی (10.48) و کۆتا تەمەنی سامپڵی توێژینەوەکەش (18 – 27) ساڵییە بە دوبارەبوونەوەی (28) هاوڵاتی و بە رێژەی (7.52)ە.

**تەوەری دووەم: تایبەت بە راگەیاندنی کوردی**

1- ئایا سەیری کەناڵەکانی راگەیاندنی کوردی دەکەیت؟

خشتەی (1) سەیر کردنی کەناڵی راگەیاندنی کوردی روون دەکاتەوە

.

| گۆراو | دووبارەبوونەوە | رێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بەلێ | 341 | 91.68% |
| نەخێر | 31 | 8.32% |
| کۆی گشتی | 372 | 100% |

لەخشتەی سەرەوەداو لە پرسیاری (ئایا سەیری کەناڵەکانی راگەیاندنی کوردی دەکەیت؟)دەرکەوتوو کە زۆرینەی سامپڵی توێژینەوەکە بە (بەلێ) وەڵامیان داوەتەوەو بە دووبارەبوونەوەی (341) و بەڕێژەی

(91.68)ە و بەپلەی یەکەم هاتووە، (نەخێر) بەپلەی دووەم هاتوون بە دوبارەبوونەوەی (31) و بەڕێژەی (8.32) .

1- ئایا سەیری کام لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی دەکەیت؟

خشتەی (2) سەیر کردنی کەناڵی ڕاگەیاندنی کوردی ڕوون دەکاتەوە

| گۆراو | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| حزبی | 116 | 31.18% |
| ئەهلی | 256 | 68.82% |
| کۆی گشتی | 372 | 100% |

لەخشتەی سەرەوەداو لە پرسیاری (ئایا سەیری کام لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی دەکەیت؟) دەرکەوتوو کە زۆرینەی سامپڵی توێژینەوەکە تەماشای کەناڵی ئەهلی دەکەن بە دووبارەبوونەوەی (256) و بەڕێژەی (68.82)ە و بەپلەی یەکەم هاتووە، (حزبی) بەپلەی دووەم هاتووە و بە دوبارەبوونەوەی (116) و بەڕێژەی (31.18) .

1- چەند کاتژمێر کاتی خۆت دەرخان کردووە بۆ سەیرکردنی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن؟

خشتەی (3) پەیوەستبوونی هاوڵاتیان بە ئامرازەکانی ڕاگەیاندنەوە ڕوون دەکاتەوە دەتوانی زیاتر لە بژاردەیەك هەڵبژێری.

| گۆڕاو | دووبارەبوونەوە | ڕێژەي سەدی |
|---|---|---|
| کەمتر لە 1 کاتژمێر | 17 | 4.56% |
| (1-2) کاتژمێر | 46 | 12.36% |
| (-3 4) کاتژمێر | 158 | 42.47% |
| لە (5) کاتژمێر زیاتر | 151 | 40.59% |
| کۆی گشتي | 372 | 100% |

لەخشتەی (3) و لە وەڵامی پرسیاری (ئایا چەند کاتژمێر کاتی خۆت دەرخان کردووە بۆ ئامرازانەی ڕاگەیاندن؟) دەرکەوتوو کە زۆرینەی سامپڵی توێژینەوەکە گۆڕاوی (-3 4) کاتژمێر هەڵبژاردووە بە دووبارەبوونەوەی (158) و بەڕێژەی (42.47)ە و بەپلەی یەکەم هاتووە، لە (5) کاتژمێر زیاتر بەپلەی دووەم هاتوون بە دوبارەبوونەوەی (151) و بەڕێژەی (40.59) و (1-2) کاتژمێر بە پلەی سێیەم و بە دوبارەبوونەوەی (46) و بەڕێژەی (12.36) و کۆتا هەڵبژاردەی سامپڵی توێژینەوەکەش (کەمتر لە 1 کاتژمێرە بە دوبارەبوونەوەی (17) کاتژمێر و بە ڕێژەی (4.56)ە.

1- کام لەم ئامرازانەی خوارەوە زیاتر پێیانەوە پەیوەستی؟
خشتەی (4) پەیوەستبوونی هاوڵاتیان بە ئامرازەکانی ڕاگەیاندنەوە ڕوون دەکاتەوە دەتوانی زیاتر لە بژاردەیەك هەڵبژێری.

| گۆڕاو | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| ڕادیۆ | 33 | 5.61% |
| ڕۆژنامە | 12 | 2.04% |
| تەلەفزیۆن | 231 | 39.28% |
| سۆشیال میدیا | 312 | 53.06% |
| کۆی گشتي | 588 | 100% |

لەخشتەی (4) و لە وەڵامی پرسیاری (کام لەم ئامرازانەی خوارەوە زیاتر پێیانەوە پەیوەستی؟) دەرکەوتوو کە زۆرینەی سامپڵی توێژینەوەکە (سۆشیال میدیا)یان هەڵبژاردووە بە دووبارەبوونەوەی (312) و بەڕێژەی (53.06)ە و بەپلەی یەکەم هاتووە، و (تەلەفزیۆن) بەپلەی دووەم هاتوون بە دوبارەبوونەوەی (231) و بەڕێژەی (39.28) و (ڕادیۆ) بە پلەی سێیەم و بە دوبارەبوونەوەی (33) و بەڕێژەی (5.61) و کۆتا هەڵبژاردەی سامپڵی توێژینەوەکەش (ڕۆژنامە)یە و بە دوبارەبوونەوەی (12) و بە ڕێژەی (2.04)ە.

**تەوەری سێیەم: تایبەت بە ناوەڕۆکی توێژینەوەکە**

1- ئایا ئامرازەکانی ڕاگەیاندنی کوردی گرنگی تەواویان بە کێشەی کورد لەناوە و دەرەوە داوە
خشتەی (1) ڕادەی گرنگیدانی ڕاگەیاندنی کوردی بە کێشەی کورد.

| گۆڕاو | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بەڵێ | 58 | 15.59% |
| تارادەیەك | 186 | 50% |
| نەخێر | 128 | 34.41% |
| کۆی گشتی | 372 | 100% |
| ناوەندی ژمێرەیی | 124 | |
| لاداني پێوەری | 64.093 | |

لەخشتەی (1)دا، ئایا ئامرازەکانی ڕاگەیاندنی کوردی گرنگی تەواویان بە کێشەی کورد لەناوە و دەرەوە داوە نموونەی توێژینەوەکەڕوون دەکاتەوە، بۆمان دەردەکەوێت لە (15.59%)ی نموونەی توێژینەوەکە پێیانوایە بەڵێ ڕاگەیاندنی کوردی گرنگی تەواویان بە کێشەی کورد لەناوە و دەرەوە داوە، لە (50%) لە دەستنیشانکراوان پێیانوایە تاڕادەیەك ئەو گرنگییە هەبووە، هەروەها بەڕێژەی لە(34.41%)ی لە

دەستنیشانکراوان پێیانوایە راگەیاندنی کوردی گرنگی تەواویان بە کێشەی کورد لەناوە و دەرەوە نەداوە. ناوەندیژمێرەیی (124) و لاداونی پێوەری (64.093) بووە.

کەواتە زۆرترین دەشتنیشانکراوان پێیان وایە کە راگەیاندنی کوردی  و ئامرازەکانی راگەیاندنی کوردی گرنگی تەواویان بە کێشەی کورد لەناوە و دەرەوە داوە ئەوەش بە کۆکردنەوەی هەردوو گۆڕاو (بەڵێ و تاڕادەیەك).

1- ئامرازەکانی راگەیاندن گرنگی تەواو بەچارەسەرکردنی کێشەی کورد فەیلییەکان داوە

خشتەی (2) رادەی گرنگیدانی راگەیاندنی کوردی بۆ چارەسەر کردنی کێشەی کوردە فەیلییەکان.

| گۆڕاو | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بەڵێ | 47 | 12.63% |
| تارادەیەك | 157 | 42.2% |
| نەخێر | 168 | 45.16% |
| کۆی گشتی | 372 | 100% |
| ناوەندی ژمێرەیی | 124 | |
| لادانی پێوەری | 76.339 | |

لەخشتەی (2)دا، ئامرازەکانی راگەیاندنی کوردی گرنگی تەواویان بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد فەیلییەکان داوە نموونەی توێژینەوەکەڕوون دەکاتەوە، بۆمان دەردەکەوێت لە (12.63%)ی نموونەی توێژینەوەکە پێیانوایە بەڵێ راگەیاندنی کوردی گرنگی تەواو بەچارەسەرکردنی کێشەی کورد فەیلییەکان داوە، لە (42.2%)لە دەستنیشانکراوان پێیانوایە تاڕادەیەك ئەو گرنگییە هەبووە، هەروەها بەڕێژەی لە(45.16%)ی لە دەستنیشانکراوان پێیانوایە راگەیاندنی کوردی گرنگی تەواویان بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کوردە فەیلییەکان نەداوە. ناوەندیژمێرەیی (124) و لاداونی پێوەری (76.339) بووە.

کەواتە زۆرترین دەشتنیشانکراوان پێیان وایە کە راگەیاندنی کوردی  و ئامرازەکانی راگەیاندنی کوردی گرنگی تەواویان بۆ چارەسەر کردنی کێشەی کوردە فەیلییەکان داوە ئەوەش بە کۆکردنەوەی هەردوو گۆڕاو (بەڵێ و تاڕادەیەك).

1- ئامرازەکانی راگەیاندن گرنگی تەواویان بە گەڕاندنەوە خێزانی کوردە فەیلییەکانی دەرەوە نیشتمانی داوە بۆ زێدی خۆیان؟

خشتەی (3) رادەی گرنگیدانی راگەیاندنی کوردی بە گەڕاندنەوە خێزانی کورد فەیلییەکان دەرەوە.

| گۆڕاو | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بەڵێ | 62 | 16.66% |
| تارادەیەك | 131 | 35.21% |
| نەخێر | 179 | 48.11% |
| کۆی گشتی | 372 | 100% |
| ناوەندی ژمێرەیی | 124 | |
| لادانی پێوەری | 58.813 | |

لەخشتەی (3) دا، ڕادەی ڕاگەیاندنی کوردی بە گەڕاندنەوە خێزانی کورد فەیلییەکان دەرەوە نموونەی توێژینەوەکەڕوون دەکاتەوە، بۆمان دەردەکەوێت لە (16.66%)ی نموونەی توێژینەوەکە پێیانوایە بەڵێ ڕاگەیاندنی کوردی بە گەڕاندنەوە خێزانی کورد فەیلییەکان دەرەوە داوە، لە (35.21%) لە دەستنیشانکراوان پێیانوایە تاڕادەیەك ئەو گرنگییە بووە، هەروەها بەڕێژەی لە(48.11%)ی لە دەستنیشانکراوان پێیانوایە ڕاگەیاندنی کوردی گرنگی بە گەڕاندنەوە خێزانی کورد فەیلییەکان دەرەوە نەداوە. ناوەندیژمێرەیی (124) و لاداونی پێوەری (58.813) بووە.

کەواتە زۆرترین دەشتنیشانکراوان پێیان وایە کە ڕاگەیاندنی کوردی گرنگی بە گەڕاندنەوە خێزانی کورد فەیلییەکان دەرەوەداوە ئەوەش بە کۆکردنەوەی هەردوو گۆڕاو (بەڵێ و تاڕادەیەك).

1- ئامرازەکانی ڕاگەیاند گرنگی تەواویان بە وەرگرتنەوەی شوێنە داگیرکراوەکانی خێزانی کورد فەیلیەکانی داوە؟ خشتەی (4) ڕادەی گرنگیدانی ڕاگەیاندنی کوردی بە وەرگرتنەوەی شوێنە داگیرکراوەکانی خێزانی کورد فەیلییەکان.

| گۆڕان | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| یەڵێ | 72 | 19.35% |
| تارادەیەك | 126 | 33.87% |
| نەخێر | 174 | 46.77% |
| کۆی گشتی | 372 | 100% |
| ناوەندی ژمێرەیی | 124 | |
| لادانی پێوەری | 51.029 | |

لەخشتەی (4) دا، ڕادەی گرنگیدانی ڕاگەیاندنی کوردی بە وەرگرتنەوەی شوێنە داگیرکراوەکانی خێزانی کورد فەیلییەکان نموونەی توێژینەوەکەڕوون دەکاتەوە، بۆمان دەردەکەوێت لە (19.35%)ی نموونەی توێژینەوەکە پێیانوایە بەڵێ ڕاگەیاندنی کوردی گرنگی بە وەرگرتنەوەی شوێنە داگیرکراوەکانی خێزانی کورد فەیلییەکان داوە، لە (33.87%) لە دەستنیشانکراوان پێیانوایە تاڕادەیەك ئەو گرنگییە بووە، هەروەها بەڕێژەی لە(46.77%)ی لە دەستنیشانکراوان پێیانوایە ڕاگەیاندنی کوردی گرنگی بە وەرگرتنەوەی شوێنە داگیرکراوەکانی خێزانی کورد فەیلییەکان نەداوە. ناوەندیژمێرەیی (124) و لاداونی پێوەری (51.029) بووە.

کەواتە زۆرترین دەشتنیشانکراوان پێیان وایە کە راگەیاندنی کوردی گرنگی بە وەرگرتنەوەی شوێنە داگیرکراوەکانی خێزانی کورد فەیلییەکان داوە ئەوەش بە کۆکردنەوەی هەردوو گۆڕاو (بەڵێ و تاڕادەیەك).

1- ئامرازەکانی راگەیاندن گرنگی تەواویان بە دانانەوەی فەرمانبەرە لەکارلادراوەکانی کورد فەیلییەکان لە دامودەزگاکانی میری داوە؟

خشتەی (5) رادەی گرنگیدانی راگەیاندنی کوردی بە دانانەوەی فەرمانبەرە لەکارلادراوەکانی کورد فەیلییەکان لە دامودەزگاکانی میری.

| گۆڕاو | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بەڵێ | 63 | 16.93% |
| تارادەیەك | 105 | 28.22% |
| نەخێر | 201 | 54.03% |
| کۆی گشتی | 372 | 100% |
| ناوەندی ژمێرەیی | 124 | |
| لادانی پێوەری | 70.738 | |

لەخشتەی (5) دا، گرنگیدانی راگەیاندنی کوردی بە دانانەوەی فەرمانبەرە لەکارلادراوەکانی کورد فەیلییەکان لە دامودەزگاکانی میری نموونەی توێژینەوەکەڕوون دەکاتەوە، بۆمان دەردەکەوێت لە (16.93%)ی نموونەی توێژینەوەکە پێیانوایە بەڵێ راگەیاندنی کوردی گرنگی بە دانانەوەی فەرمانبەرە لەکارلادراوەکانی کورد فەیلییەکان لە دامودەزگاکانی میری داوە، لە (28.22%)لە دەستنیشانکراوان پێیانوایە تاڕادەیەك ئەو گرنگییە بووە، هەروەها بەڕێژەی لە(54.03%) ی لە دەستنیشانکراوان پێیانوایە راگەیاندنی کوردی گرنگی بە دانانەوەی فەرمانبەرە لەکارلادراوەکانی کورد فەیلییەکان لە دامودەزگاکانی میری نەداوە.  ناوەندیژمێرەیی (124) و لاداونی پێوەری (70.738) بووە.

کەواتە زۆرترین دەشتنیشانکراوان پێیان وایە کە راگەیاندنی کوردی گرنگی بە بە دانانەوەی فەرمانبەرە لەکارلادراوەکانی کورد فەیلییەکان لە دامودەزگاکانی میری نەداوە ئەوەش بە کۆکردنەوەی هەردوو گۆڕاو (بەڵێ و تاڕادەیەك) کە ڕێژەکەیان لە (50%) کەمترە.

1- ئامرازەکانی راگەیاندنی کوردی تا چەند گرنگییان بە جینۆساید ناساندنی کێشەی کوردە فەیلییەکان لەناوە و دەرەوە داوە؟

خشتەی (6) رادەی گرنگیدانی راگەیاندنی کوردی بە جینۆساید ناساندنی کێشەی کورد فەیلییەکان لەناوە و دەرەوە داوە؟

| گۆڕاو | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بەڵێ | 78 | 20.96% |
| تارادەیەك | 114 | 30.64% |
| نەخێر | 180 | 48.38% |
| کۆی گشتی | 372 | 100% |
| ناوەندی ژمێرەیی | 124 | |
| لادانی پێوەری | 51.7300 | |

لەخشتەی (6) دا، رادەی گرنگیدانی راگەیاندنی کوردی بە جینۆساید ناساندنی کێشەی کورد فەیلییەکان لەناوە و دەرەوە داوە نموونەی توێژینەوەکەڕوون دەکاتەوە، بۆمان دەردەکەوێت لە (20.96%)ی نموونەی توێژینەوەکە پێیانوایە بەڵێ راگەیاندنی کوردی گرنگی بە جینۆساید ناساندنی کێشەی کورد فەیلییەکان لەناوە و دەرەوە داوە، لە (30.64%) لە دەستنیشانکراوان پێیانوایە تاڕادەیەك ئەو گرنگییە بووە، هەروەها بەڕێژەی لە(48.38%)ی لە دەستنیشانکراوان پێیانوایە راگەیاندنی کوردی گرنگی بە جینۆساید ناساندنی کێشەی کورد فەیلییەکان لەناوە و دەرەوە داوە نەداوە. ناوەندیژمێرەیی (124) و لاداونی پێوەری (51.7300) بووە.

کەواتە زۆرترین دەشتنیشانکراوان پێیان وایە کە راگەیاندنی کوردی گرنگی بە جینۆساید ناساندنی کێشەی کورد فەیلییەکان لەناوە و دەرەوە داوە ئەوەش بە کۆکردنەوەی هەردوو گۆڕاو (بەڵێ و تاڕادەیەك).

خشتەی (7) ئەنجامی تاقیکردنەوەی (T) بۆ پێوەری ئاستی بەکارهێنانی ئامڕازەکانی راگەیاندنی کوردیی لای هاولاتیانی کوردستان بەپێی گۆڕاوی (جۆری ئامرازی راگەیاندنەکە)

| ئامرازی راگەیاندن | ژمارەی سامپڵ | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | پلەی ئازاد (df) | بەهای (t) | | بەهای بەڵگەداری (0.05) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | ئەژمارکراو | خشتەیی | |
| حزبی | 116 | 195.92 | 7.05 | 177 | 12.02 | 1.96 | 0.00<br>بەڵگەدارە |
| ئەهلی | 256 | 221.03 | 19.60 | | | | |

لەخشتەی (7)دا دەردەکەوێت، کە جیاوازی ئاماژەی ئاماری هەیە لەئاستی بەکارهێنانی ئامڕازەکانی راگەیاندنی کوردی لەنێوان هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستان لە هەرچوار پارێزگاکە بەپێـی گۆڕاوی ئامرازی راگەیاندن کە لەبەرژەوەندی راگەیاندنی ئەهلیدایە، چونکە ناوەندی ژمێرەیی راگەیاندنی ئەهلی گەورەترە لەناوەندی ژمێرەیی راگەیاندنی حزبی، واتە ئاستی بەکارەێنانی ئامڕازەکانی راگەیاندنی کوردیی لە ئەهلییەکاندا باشترە. توێــژەر ئەمە دەگەڕێنێتەوە بۆ دۆخی زیاتر ئازادی لەناو راگەیاندنی ئەهلییەکاندا، کە لەلایەك ڕێگاو شێوازی جیاواز دەگرنەبەر بۆ گەیاندنی پەیامەکانیان لەلای دیکەشەوە، ژینگەی ناو

راگەیاندنە ئهەلییەکان کەمتر سانسۆریان لەسەرە.

خشتەی (8) ئەنجامی تاقیکردنەوەی (T) بۆ پێوەری ئاستی بەکارەینانی ئامڕازەکانی میدیای نوێ لای مامۆستایانی باخچە بەپێی گۆڕاوی (ڕەگەز)

| ڕەگەز | ژمارەی سامپڵ | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | پلەی ئازاد (df) | بەهای (t) ئەژمارکراو | بەهای (t) خشتەیی | بەهای بەڵگەداری (0.05) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| نێر | 249 | 198.50 | 11.79 | 177 | 0.36 | 1.96 | 0.71 بەڵگەدار نییە |
| مێ | 123 | 199.68 | 13.41 | | | | |

لەخشتەی (8)دا ئەوە دەردەکەوێت، کە هیچ جیاوازییەکی ئاماژەی ئاماری نییە لەئاستی بەکارەێنانی ئامرازەکانی راگەیاندن بەپێـی گۆڕاوی رەگەز، واتە تاڕادەیەکی زۆر گونجان لەنێوان هاوڵاتیانی هەر چوار پارێزگاکەی هەرێمی کوردستاندا (نێر، مێ) هەیە لەڕووی ئاستی بەکارەێنانی ئامڕازەکانی راگەیاندنەوە، توێژەر هۆکارەکەی بۆ هۆشیاری هاوڵاتیانی هەردوو رەگەز بەرامبەر پێویستی بـەکارەێنانی ئـامڕازەکان لەکاتی هەر کێشە و رووداوێکی نەخوازرودا و بەکارەێنانی ئـامڕازەکان دەگەڕێنێتەوە.

## ئەنجام

لە ئەنجامی ئەو توێژینەوە مەیدانییە کە توێژەر لە هەر چوار پارێزگاکەی هەرێمی کوردستان بە شێوەیەکی مەیدانی ئەنجامی داوە گەشتووە بە چەند ئەنجامێکی گرنگ:

1- زۆرترینی ئاستی بروانامە سامپڵی توێژینەوەکە لە هەڵگرانی بڕوانامەی بەکالۆریۆسن و بە دووبارەبوونەوەی (128) و بەڕێژەی (34.4)ە.

2- زۆرترینی ئاستی تەمەنی سامپڵی توێژینەوەکە لەنێوان (38 – 47)یدایە و بە دووبارەبوونەوەی (170) و بەڕێژەی (45.69)ە.

3- زۆرترینی سامپڵی توێژینەوەکە گرنگی بە ئامرازەکانی راگەیاندنی کوردی دەدەن بە دووبارەبوونەوەی (341) و بەڕێژەی (91.68)ە.

4- زۆرترینی سامپڵی توێژینەوەکە گرنگی بە ئامرازەکانی راگەیاندنی کوردی ئەهلی دەدەن بە دووبارەبوونەوەی (256) و بەڕێژەی (68.82)ە.

5- زۆرترینی سامپڵی توێژینەوەکە (3-4) کاتژمێری خۆیان تەرخانکردووە بۆ بەکارهێنانی ئامرازەکانی راگەیاندنی کوردی بە دووبارەبوونەوەی (158) و بەڕێژەی (42.47)ە.

6- زۆرترینی سامپڵی توێژینەوەکە (سۆشیال میدیا)یان بەکاردهەێنن بە دووبارەبوونەوەی (312) و بەڕێژەی (53.06)ە.

7- راگەیاندنی کوردی  و ئامرازەکانی راگەیاندنی کوردی گرنگی تەواویان بە کێشەی کورد لەناوە و دەرەوە داوە.

8- راگەیاندنی کوردی و ئامرازەکانی راگەیاندنی کوردی گرنگی تەواویان بۆ چارەسەر کردنی کێشەی کوردە فەیلییەکان داوە.

9- راگەیاندنی کوردی گرنگی بە گەڕاندنەوە خێزانی کورد فەیلییەکان دەرەوە داوە.

10- راگەیاندنی کوردی گرنگی بە وەرگرتنەوەی شوێنە داگیرکراوەکانی خێزانی کورد فەیلییەکان داوە.

11- راگەیاندنی کوردی گرنگی بە بە دانانەوەی فەرمانبەرە لەکارلادراوەکانی کورد فەیلییەکان لە دامودەزگاکانی میری نەداوە.

12- راگەیاندنی کوردی گرنگی بە جینۆساید ناساندنی کێشەی کورد فەیلییەکان لەناوە و دەرەوە داوە.

## پێشنیار:

1- پێشنیار دەکەین کە راگەیاندنی کوردی زیاتر گرنگی بە کەیسی کوردە فەیلییەکان بدات، لە ژانەرە راگەیاندنەکانییەوە بە زامنەکانی (عەرەبی – فارسی – ئینگلیزی..) تاکو زۆرترین کەس و لایەنی پەیوەندیدار لەو کەیسە ئاشنا بن.

2- وەزارەتی رۆشنبیری بەشێوەیەکی فەرمی داوا لە هەموو کەناڵە (بینراو، بیستراو، خوێنراو، پەیج و ماڵپەرەکان) بکات کە بەردەوام لە ئاشناکردنی ئەو کەیسە بە لایەنەکانی دەسەڵات و حکومەتی ناوەند و وڵاتانی ناوچەکە رۆڵی بەرچاو بگێڕن.

## سەرچاوەکان

یەکەم : پەرتووك بە زمانی کوردی

1. خورشید، فواد حەمە (1986): لور دانیشتوانی هەرێمی باشووری کوردستانی ئێران.

2. عبدولقادر ساڵح (2008): فەرهەنگی سیاسی سەبا، چاپی یەکەم، سلێمانی.

3. گۆران شێخ مستەفا، (2010): کاریگەرییە ئابورییەکانی جینۆساید، لەگەرمیان. چاپی یەکەم، سلێمانی.

4. یایر ئاورۆن، (2019): و. مهاباد قەرەداغی، (جینۆساید)، ڕووە تێوریکانی لێکۆڵینەوە لە جینۆ ساید، چاپی یەکەم، چاپخانەی شەهاب، هەولێر.

دووەم : پەرتووك بە زمانی عەرەبی

1- اسماعيل، زبير بلال (1977): تاريخ اللغة الكردية، بغداد.

2- محمد، مسعود (1978): لسان الكرد، الحوادث – بغداد.

3- عبدالرحمن، رزطار (1987): الوجيز في تعليم اللغة الكردية، بغداد.

4- الطوراني، علي سيدو (1974): اللور واللورستان، المجمع العلمي الكردي، بغداد.

5- فيلي، عبدالجليل (1999): اللور، الكرد الفيليون في الماضي والحاضر، مالمو- السويد.

6- وردي، محمد توفيق (1971): الأكراد الفيليون في التاريخ، بغداد.

**سێیەم: پەرتووك بە زمانی بیانی**

1. Benhabib, Seyla (2009) International Law and Human Plurality in the Shadow of Totalitarianism: Hannah Arendt and Raphael Lemkin. Constellations. Vol 16, No 2.

2. Coining a Word and Championing a Cause: The Story of Raphael Lemkin». www.ushmm.org. Retrieved 22 October 2017.

3. http://faylee.org/articles/doc111.htm

4. https://archive.ph/20130218031529/http://en.aswataliraq.info/(S(baay1uqnw0tufz-45vywvsd45))/Default.aspx?page=article_page&c=slideshow&id=145102

5. https://books.google.iq/books?id=R6k1V07BNvYC&pg=PA307&redir_esc=y#v=onepage&q&f=false

6. https://docs.google.com/a/soran.edu.iq/viewer?a=v&pid=sites&srcid=c29yYW4u-ZWR1LmlxfHR3ZWplcnxneDo3MGFiMmE3YjI5YmQ1NTJh

7. https://reliefweb.int/report/iraq/faili-kurds-iraq-thirty-years-without-nationality

8. https://shafaq.com/en/Report/Naseer-Shamma-The-Feyli-Kurdish-who-charmed-the-world

9. https://www.kurdistan24.net/en/news/05116fbe-86d0-4689-b8fb-a0ae124f5370

10. https://www.politicmedia.net/detailnewspo.aspx?jimare=10028&cor=4&related=2

11. https://www.rudaw.net/english/kurdistan/09062017
12. Lang, Berel (2005) The evil in genocide. In: Roth, John K (ed.) Genocide and Human Rights: A philosophical Guide. New York: Palgrave Macmillan.
13. Office of the High Commissioner for Human Rights». Convention on the Prevention and Punishment of the Crime of Genocide. 2 May 2008. Retrieved 2008-10-22.
14. Panne, Jean- Louis (2010) Raphael Lemkin and Raul Hilberg: About a Concept. PISM Series, Issue.
15. Reassessing the Nuremberg Military Tribunals: Transitional Justice, Trial Narratives, and Historiography (War and Genocide) page 110 edited by Alexa Stiller and Kim C. Premiel Berghahn Books 2012
16. Rotfeld, Adam Daniel (2010) The Lemkin concept of genocide: A new definition for and old crime. PISM Series, Issue. 1.
17. Stephen Hemsley Longrigg (1953). Iraq 1900 to 1950 a Political, Social and Economic History. Oxford University Press. pp. 10, 13–14.
18. Stone, Dan (2005) Raphael Lemkin on the Holocaust. Journal of Genocide Research. Vol 7, No 4.

**چوارەم: گۆڤارەکان**

1. لویس سیمۆن، و: محمد حمە صاڵح تۆفیق، گۆڤاری ئەنفالناسی، ژمارە (1)، 14/4/2017.
2. کەنار جەمال، گەلی کورد و تاوانی جینۆساید. گۆڤاری کەوانە، ژمارە (22)ی ئابی.

**پێنجەم: ماڵپەڕەکان**

1- جون، محمد تقي(2013): الكرد الفيليون، وكالة انباء براثا، 2013-02-11:
http://burathanews.com/arabic/studies/184112
2- خان، مسعود دارا (2013): اللور مكوناتها وفروعها، صفحة الكورد الفيلية الشيعة على الفيسبوك:
https://www.facebook.com/the.Philly.Kurdes/posts/555968874443660
3- العزاوي، عباس: العشائر، حرف الفاء، الفيلية: http//:iraq.iraq.ir/vb/showthread.php?t=99268
4- موسوعة ويكيبيديا الحرة على الأنترنيت، برِوانة: أركوازي و سورميري و قرةلوسي.
صفحة أخبار العراق (2014): موجز عن عشيرة الزركوش الكردية:
https://www.facebook.com/IRAQ.here.PAGE/posts/702572699812307
5- د. أحمد راسم النفيس، من هم الكرد الفيليون، النباء عدد 72، تشرين، 2004. شبكة النبأ المعلوماتية، العراق: https://annabaa.org/nbahome/nba72/kurd.htm
6- الأركوازي، وريا (2011): أصل الكورد الفيلية، منتدى الكوت نيت، العراق - واسط:

http://www.alkutnet.com/vb/showthread.php/112193
7- الفضل، منذر(2006): عدالة القضية الكوردية وظلم العقلية الشوفينية، موقع الحوار المتمدن، موقع علماني يساري ربي. http://www.ahewar.org/debat/show.art.asp?aid=59284

The role of media to recognize the genocide against Faili Kurds, a field study

The Summary of the research

The Faili Kurds are one of the main ethnic of Kurdish nation and they have been living on Kurdistan land for a long time. They are the first Kurdish ethnic that they been genocide and relocated by Iraqi former regimes in the 20th century. Despite that the language of Failis are Kurdish dialect and they have their own culture, norms, values and oral literature, the language of Faili Kurds is a part of Kurdish language in South Kurdistan, it is the same like (Lak, Lur, Kalhur, Krmanj and Goran) have formed Kurdish nation as the dialects of the Kurdish people in South Kurdistan which they lived in the middle and South Iraq such as (Mandali, Zrbatya, Badra, Jasan, Khanaqi, Kirkuk, Baghdad, Kut, Amara and Basra). The emerge of Faili dialectic was in 16th century, and now the dialect is use for those Kurds who live in dispute areas which rule by Iraq state. Geographically, some of them live in south eastern of Kurdistan such as (Lurstan, Krmashan and Ilam,) in Iran, and some of them live in south Kurdistan in Iraq at the west of Tigris river which they belongs to Shia Muslims, they have actively participated in the field of literature, science and intellectual, there are many Poets, writers and linguistics among Faili Kurds and they are innovative.

.Key words: Role, Media, Genocide, Faili Kurds

**ملخص البحث**

الأكراد الفيليون ةم أحد الأعراق الرئيسية للأمة الكردية ويعيشون على أرض كردستان لفترة طويلة. ةم أول عرقي كردي تعرضوا للإبادة الجماعية وأعيد توطينةم من قبل الأنظمة العراقية السابقة في القرن العشرين. على الرغم من أن لغة الفيليين ةي لةجة كردية ولديةم ثقافتةم الخاصة وأعرافةم وقيمةم وأدبةم الشفةي، فإن لغة الكرد الفيليين ةي جزء من اللغة الكردية في جنوب كردستان، وةي مثل (لاك، لور، كلةور، كرمانج وجوران) شكلوا الأمة الكردية كلغات الشعب الكردي في جنوب كردستان التي عاشوها في وسط وجنوب العراق مثل (مندلي، زرباطية، بدرة، جاسان، خانقي، كركوك، بغداد، الكوت، العمارة والبصرة) . كان ظةور الديالكتيك الفيلي في القرن السادس عشر، والآن يتم استخدام اللةجة لهؤلاء الأكراد الذين يعيشون في مناطق النزاع التي تحكمها دولة العراق. جغرافيا، يعيش بعضةم في جنوب شرق كردستان مثل (لورستان وكرماشان وإيلام) في إيران، ويعيش بعضةم في جنوب كردستان في العراق في غرب نةر دجلة الذي ينتمون إلى المسلمين الشيعة، وقد نشطوا. شارك في مجال الأدب والعلم والفكر، وةناك العديد من الشعراء والكتاب واللغويات بين الكرد الفيليين وةم مبتكرون.

الكلمات المفتاحية: الدور، الإعلام، الإبادة الجماعية، الأكراد الفيليون.